1- **ناوی کتێب: (تدابیر القدر) ڕێنموی چارەسەر**

2- **بابەت: ڕووداو و چیرۆکی ڕاستی**

3- **وەرگێڕ لە عەرەبیەوە: عومەر حاجی عەلی زەنگەنە**

4- **تایپ: ڕاستی جبار محمد رشید**

5- **دەرهێنانی هونەری: ڕاستی جبار محمد**

6- **چاپ: چاپی یەکەم**

7- **تیراژ:** (500) **دانە**

8- **ژمارەی سپاردە : (238) لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتیەکانەوە پێیدراوە** ساڵی 2021ز

# پێشکەش

پێشکەشە بە ئەو ڕۆڵە کۆڵنەدەران و بە ئەمەکانەی گەلی کوردم بە ئەو ڕووناک بیرانەی کە هەمیشە شەیدا و سەرقاڵی دۆزینەوە و خوێندنەوە و نوسینی ئەو ڕووداو و چیرۆکە ڕاستیانەن کە لە ناخی گەلەکەماندا هەڵقوڵاون و دروست بوونە و بونە بە بەشێك لە مێژوی نەتەوەکەمان، بێگومان مێژوویش بێ نرخ دەبێت ئەگەر شێوەیەکی ڕاست و پاك و بێگەرد وەکوو خۆی نەنوسرێتەوە.

هەوڵێك بۆ وەدەرخستن و ڕوون كردنەوەی ئەو ڕوودا و چیرۆكە ڕاستیانەی گەلەكەم لە پێش دیدی خوێنەرانی خۆشەویستمان، پێویستە بە جۆرێك بنوسرێن و ڕوون بكرێنەوە لە پێشدا سود بە گیان بگەیەنێت و لە دوایدا بە لەش، لە پێناو ئەوەدا سودیكی زۆری لێ وەربگیرێت بۆ دووبارە نەبوونەوەی كۆسپ و هەڵدێرەكانی ژیان،

1- ناوی کتێب: (تدابیر القدر) ڕێنموی چارەسەر

2- بابەت: ڕووداو و چیرۆکی ڕاستی

3- وەرگێڕ لە عەرەبیەوە: عومەر حاجی عەلی زەنگەنە

4- تایپ: ڕاستی جبار محمد رشید

5- دەرهێنانی هونەری: ڕاستی جبار محمد

6- چاپ: چاپی یەکەم

7- تیراژ: (500) دانە

# (تدابیر القدر) ڕێنموی چارەسەر

## سێ کورتە چیرۆک

1- خەوبینینی ڕاستی

2- باوك خۆی کوشت

3- داواتی قەندەهاری

لە نوسینی (مەحمود شیت خەتاب)
گۆڕینی لە عەرەبیەوە (عومەر حاجی علی زەنگەنە)

کرکوك - شۆرجە – گەڕەکی ئاگرین

ساڵی 2020 ز

# بەناوی یەزدانی بەخشندە و میهرەبانەوە

## دەسپێك

بەلای هەموو خوێندەوارانی بەڕێز و خۆشەویستەوە ڕوون و ئاشکرایە، نوسینی چیرۆك و بەسەرهات و داستان و ڕووداوی ڕاستی، کە پێك نەهاتبێ لە بیر و بۆچونی خەیاڵاوی دروستکراو، ئەم نوسراوانە لە خۆیدا جۆرێکن لە مێژوو ڕابردووی گەلان دەردەخەن، بێگومان مێژوو بێنرخ دەبێت ئەگەر بەشێوەیەکی ڕاست و جوان و پاك و بێگەرد و بێ گۆڕانکاری و شێواندن بەسەرهاتەکانی ڕابوردووی ئەم گەلە نەگێڕتەوە، پێویستە ببێ بە هۆیەك، بە وانەیەکی بە سود بۆ نەوەکانی ئێستا و داهاتومانیش، پێویستە بە جۆرێك بنوسرێنەوە، لە پێشدا سود بە گیان بگەیەنێت

و لەدوایدا بە لەش، ببێت بە پێشڕەوێك، بەرەو چاکترین و جوانترین ڕێگە هەنگاومان پێهەڵنێت،بەرەو سەرکەوتنمان بەرێت لە هەڵسوکەتەکانی ژیاندا، پێویستە ئەوەی تێدا ڕچاو بکەین، ئەگەر لە ڕابوردو و ئێستاماندا هەڵەیەکمان کردوە، کۆسپێك هاتۆتە ڕێگەمان، دووبارەی نەکەینەوە، نەك بەرەو لێژی و هەڵدێرەکانی ژیانمان بەرێت، ئەوەی ئاشکرایەو ئێستا خوێنەران و ئەندامانی ئەم کۆمەڵگەیە دەبینن ژمارەیەك چیرۆك و ڕۆمان و بەسەرهات دەنوسرێن و بڵاودبنەوە لە جیاتی سودبەخشین بە کۆمەڵگەکەمان، بەپێچەوانەوە زیانێکی زۆرمان پێدەگەیەنن، ڕووخێنەری کۆمەڵن، پێکهێنەر نین، بۆ مردنی گیانی مرۆڤایەتی دروست کراون، هۆی بژێوی و ژیانەوە نین، مرۆڤ لە ڕێبازە ڕاستە پاك و جوانەکەی ئاین دووردەخەنەوە، بەرەو

گومڕایی وتاوانەکان ڕایدەکێشن، لەو جۆرە بڵاوکراوانە ژمارەیەك چیرۆکی (جنس) و ئەنجامدانی کار و پیشەی بێشەرمیە، بەم هۆیانەوە، هانی کۆمەڵگەمان دەدەن، بەتایبەتی چین و توێژی لاوان لە نێر و مێ، بۆ فێربون و ڕاهاتنی لەسەر کاری شۆرەی و خراپەکاری و ڕەوشت نزمی، ئەم کارەیش دوورە لە ڕەوشتی مرۆڤایەتی و لە ڕەوشت و بۆچونەکانی ئاینی پیرۆزی ئیسلامەوە، هەروەها ژمارەیەك چیرۆك و بڵاوکراوەوە بەرچاودەکەون، هەر بەم شێوەیە ژمارەیەك (فلیم) لە میدیاکانەوە بڵاو دەکرێنەوە، هەموویان باس لە تاوان و تاوان کاری و شێوەی ئەنجامدانەکانی دەکەن، بە ئەنجامدانی ئەم کارانەیان، بە ئاشکرا و ڕاشکاوی نەوەکانمان لەسەر ئەنجام دانی کاری تاوان و ڕێوشوێنەکانی ڕادەهێنێ،

زۆربەی ئەمانە لە پەرتوك و چیرۆکە بیانیەکاندا بەچاو دەبینرێ بە تایبەتی ئەو چیرۆکانەی کە (مودەبلج) کراون بەزمانی عەرەبی و تورکی، جۆرە چیرۆکێك دەخوێنینەوە کە لە زمانی بێگانەوە وەریانگێڕاوە بۆ سەر زمانی خۆمان، یان هەر لە دانانی ژمارەیەك لە نوسەرەکانی خۆمانەوە و فشاری بێگانە کاری کردۆتە سەر هزر و بیروڕایان، ژمارەیەك لەم چیرۆك و نوسراوانە، جۆرە بەسەرهات و ڕووداوێك دەکێڕنەوە بۆ کۆمەڵگەکەمان، زۆربەیان بێ سود و بێ کەڵکن، لەوەی زیاتر کاتمان لە دەست دەدەن هیێچ جۆرە سودێکی ئاشکرایان بۆ کۆمەڵگەکەمان نیە، ئێستا بە چاو دەیبینین ژمارەیەکی زۆر لە نوسەرەکانمان چرۆکەکانی بێگانە وەردەگێڕنە سەر زمانی خۆمان، ئەم هەنگاوە لە ژمارەیەکیان زۆر گرنگە و جێگەی شانازیە، لەبەر ئەوەی لە زۆر جێگەدا بە جوانی

و بە ڕاشکاوی دەست نیشانی دەردەکانی کۆمەڵیان کردوە و کارەکەیان بە جۆرێك گونجاندوە لە گەڵ هەڵسوکەوت و بیر و بۆچونی ئێستای کۆمەڵگەکەمان دا لەبار و گونجاوبێ، بەمەش دەتوانین پەنجەی ئافەرین و پێزانینیان بۆ درێژ بکەین، لە هەمان کاتدا، ئێستا دەبینین، ژمارەیەك لە نوسەرەکانمان هەندێك لە چیرۆکەکانی بێگانە وەردەگێڕنە سەر زمانی خۆمان، جگە لەوەی تەنها بایەخ بەوە دەدەن، چۆن وە بەچی جۆرێك بتوانن بیان نەخشێنن و بیانڕازێننەوە بە ووشەی تەلیسماوی و لوس و سەرنج ڕاکێش، لە پێناو ڕاکێشانی هەست و هزری لاوەکان کوڕان و کچان دا بۆ لای خۆیان بۆ باسکردنی بابەتی (جنس) و کاری بێشەرمانە و ڕەوشت نزمی، نوسەرەکە لەم هەنگاوەیدا تەنها بایەخ بەوە دەدا، لە چ ڕێگەیەکەوە دەتوانێت ژمارەیەك

**پارە پەیدا بکات, بە هیچ جۆرێك گوێ نادەن بەوە ئەم بڵاوکراوانەیان دەبێ بە هۆی ئەوی خوێنەر لە ڕێگەی ڕاست لابەلا دەکاتەوە و لە ئەنجامدا لە ڕێگە دەردەچێت, بیگومان ئەم جۆرە کارانە جگە لە تێکدان و سەرلێشێواندنی ئەندامامی ئەم کۆمەڵگەیە و بڵاوبونەوەی نا ئارامی و ناڕەحەتی دەرووونی هێچ جۆرە سودێکی بۆ ئەم کۆمەڵگەیە نیە, لەپەرتوکی** (تأريخ إمارات زنكنة وإداراتها) **لە لاپەڕەی (169) نوسیومە,** (( في كل صخرة أو وادٍ أو كهفٍ أو تلةٍ في هذه المنطقة، تستطيع المفكرون والباحثون والكتاب، ان تأخذوا منها بحثاً عميقاً مما يحير قارئها من حضارتها وأصالتها، شأنها شأن كل منطقة من أرض كوردستان، مليئ بالبطولات والحضارات والتقدم من أقدم الزمان ))**ئاشکرایە لە لای هەموو دانشتوانی ئەم نیشتیمانە ئازیزە کە (کوردستان)ی خۆشەویستە, هەموو دۆڵ و تاشە بەرد و**

گردۆڵکە و چیا و ئاسەوارە دێرینەکانی، پڕن لەبەسەرهات و چیرۆك و ڕووداوی گرنگ کە هەمویان دەگەڕێتەوە بۆ باپیرانی ئەم گەلە قارەمانە و شانازیەکەیش بۆ ئێمەیە، هەمووویان شایەنی ئەوەن نەوەکانمان قۆڵی لێ هەڵماڵن و بیاننوسنەوە، لە پێناو ئەوەدا خوێنەرانی ئێستا و دوا ڕۆژیشمان سودیان لێوەربگرن، بیکەن بەسەر مەشق بۆ پێشکەوتن و زانیاری و ئاوەدانی بۆ نەوەکانی داهاتوو و ئێستامان، ئەم گەنجینە پڕ بەها و بەرنرخە، ئەم ئاسەوار و قەڵا دێرینانە ئەم شوێنەوار و کۆزەی کۆچەریانە، ئەم نەقش و نیگارە جوانانەی لا پاڵی ئەم چیا سەرکەشانەی کوردستان، بەسەدان و بە هەزاران چیرۆك و بەسەرهات و سوارچاکی و باس بابەتی دڵداری و گیان بازی و خۆشەویستی گەل و نیشتیمان و مەردایەتیمان بۆ دەگێڕنەوە، ئەگەر ئێمە

خاوەنی ئەم سامانە لە بن نەهاتوە و ئەم گەنجینە گەورەیە بین،ئیتر چی پێویستیەکمان بەوە هەیە بەوەی بەدوای چیرۆکی بێگانە و دوژمنانی ئاینە پیرۆزەکەماندا بگەڕێن، بە ڕای من ئێمەی کورد هەتاکوو ئێستا نەمانتوانیوە ئەو سامانە گەورەیە و ئەو گەنجینە پڕەی خۆمان سەرژمێر بکەین، یا تەنها ناوەکانیان بزانین، هەتاکوو ئێستا نەمان توانیوە 00/005 ئەم گەنجینەیە زیندوو بکەینەوە و بەرچاوی خوێنەران و ئەندامانی نەوەکەمان بخەین، ئەم گەنجینە زیندو بکەینەوە و بەرچاوی خوێنەران و ئەندامانی نەوەکانمانی بخەین، ئەم کانە گەوهەرە بەنرخەمان، هەر لە شێوەی کانزاکان و سەرچاوەکانی ژێر زەویەکانی کوردستان دەچێت، کە هەتاکوو ئێستا نەمانتوانیوە، سەرتوێژەکانیان بشکێنین و بەربانگ و قاوڵتیەکیان پێ بکەین، یان

تامەزرۆی خۆمانیان پێ بشکێنین و تامێکیان بکەی، بێگومان گەنجینەی مێژووی پر لەبەسەرهاتی گرنگ و وانە وتراوەکانی باپیرانمان، هەر لە شێوەی خۆیان ماونەتەوە زۆر بەکەمی، بەردێکی ئاسەواری کوردەواری هەڵدراوەتەوە هەتاکو ئەمڕۆ تا بزانین، چی جۆرە زانیاریەك لە دووتوێ دا حەشار دراوە، ئێمە ئەگەر ئەمە بارودۆخی زانیاری و زانستیمان بێت لەم ڕووەوە و لە دووتوێ ماڵەکەی خۆماندا، کە هەتاکو ئێستا نەزانینی ئەو ماڵەی تێی دا دەژین ئەو ڕەشماڵەی هەڵمان داوە، بە چەن ئەستون وە بە چەند سنگ و بە چەند کۆڵەکە و مێخ گۆشەکانی بەستراوە وە لە چی جۆرە شتێك دروست کراوە؟ئایە ئەم ماڵە باوکمان یان باپیرەمان یان یەکێکی دیکە بۆمانی دروست کردووە، ئیتر بە چ ڕویەکەوە و بە چ زمانێك دەتوانین

**لافی وڵاتانی بێگانە لێ بدەین و لاسایی ئەوان بکەینەوە، هەر بەخەیاڵ خانوی (چوار پێنج) نهۆمی دروست بکەین،؟؟ -ئایە بۆچونی ئێستای گەلەکەمان ئەو بۆچون و عەقڵیەتانەی بێگانە پەسەند دەکەن جگە لەو کەسانەی کە لە ئاینی ئیسلام ڕویان وەرگێڕاوە و باوەڕیان بە بۆچونەکانی نیە؟! کەوابوو ئیتر ئەو جۆرە چیرۆکە ڕوخێنەر و تێکدەرانە بە چی جۆرێك کۆمەڵگەکەمان سودی لێ دەبینێت،؟ یان بە چی جۆرێك دەبێ بە هۆی ژیانێکی بەختەوەر بۆ نەوەکەمان و پاشە ڕۆژەکەی؟ ئەم سێ چیرۆکە لەم پەرتوکەدا نوسیومەتەوە خستومەتە پێش چاوی خوێنەرانی خۆشەویست، لە پەرتوکی ( تدابیر القدر) وەرمگرتوە لە نوسینی**

( محمود شیت خطاب) **بەم ناونیشانانە:-**

**1- خەوبینینی ڕاستی**

**2- باوك خۆی كوشت**

**3- داواتی قەندەهاری**

**لەم سێ چیرۆكەدا نوسەر ویستویەتی چارەسەری كۆمەڵێك لە كارە ناشرینەكانی تاكە كەسی ناو ئەم كۆمەڵگەیە بكات. كە بەدەستێوە دەناڵێنن، نوسەر لەم چیرۆكانەدا بە ڕاشكاوی پەنجەی بۆ ناخی دوو جۆرە مرۆڤ درێژ كردووە، كە پێك هاتونە لە دەستی چاكە و دەستی گومڕایی، نوسەر بەم كارە پیرۆزەی هەوڵ دەدات كارێك بكات هەمیشە دەستی چاكە و چاكسازی سەركەوێ بەسەر خراپەكاری و گومڕاییدا، ئەوەی شایەنی باسە و ناشاردرێتەوە ، لە كۆمەڵگاكەماندا كاری نالەبار و ناهەموار زۆر ڕوودەدات، هەر بەم شێوەیە لە كۆمەڵگەكانی دیكەشدا بە زۆری**

ڕچاودەکرێت، بۆیە مافی کۆمەڵگەکەمانە خۆی چارەسەری نەخۆشیەکانی ناوخۆیی بدۆزێتەوە، ئەم چارە کردنەیش پێویستە لە هەموو ڕویەکەوە بە هەموو توانایەکەوە و بە هەموو وەسیلەیەك دەس پێبکات، یەکێك لەو چارە سەرکردنانە بۆچونی چارەسەری نوسین و بڵاوکردنەوەی چیرۆك و ڕووداوە کۆمەڵیەتیەکانە چی لە ڕێگەی پەرتوك و ڕۆژنامەوە بێت یان لە ڕێگەی پەخشەر و میدیاکانەوە ئەم بۆ چونە بۆچونێکی گونجاوە، دەتوانرێ بە چاکی چارەسەری نەخۆشیەکانی نێو کۆمەڵ بکرێت، دەتوارێ ئەم هەڵسوکەوتە بکرێت بە چارەیەك بۆ ئەو مرۆڤانەی توشی ئەم نەخۆشیە بونە، چارەسەری خۆیانی پێ بکەن، بگەڕێنەوە سەر ئەو ڕێگەیە کە کۆمەڵگە ڕووناکبیر و خاوەن باوەڕەکان پەیڕەوی دەکەن، ئەو ڕێگە پیرۆزە

هەمیشە پاك و خاوێنە کە لە پەرتوکی پیرۆزدا و لە وتە بەنرخ و پڕ ماناکانی پەیامبەری خۆشەویست بۆمانیان ڕوونکردۆتەوە، گومانی تێدا نیە هەر مرۆڤێك لەسەر ئەم ڕێگەیە کار بکا هەڵسوکەوتی بە گوێرەی ئەم ڕێگە ڕاستە بێ هەمیشە بەختەوەرە لە هەردوو جیهاندا، ئەوەی بە پێچەوانەیانەوە کار بکات لە هەردوو جیهاندا بە سزای خۆی دەگات، ئاشکرایە لە لای هەموو کەسێکی ڕاست و ڕاستگۆ، هەموو تاوانێك سزای تایبەتی خۆی هەیە، هەر تاوانبارێك ئەگەر لە سزای مرۆڤ لەم جیهانەدا بەهەر حاڵێك ڕزگاری بێ، لە جیهانی دوایدا لە سزای یەزدانی گەورە بە دەسەڵات بە هیچ جۆرێك ڕزگاری نابێت، ئەم سێ چیرۆکە هەوڵدانێکە بۆ زیندوکردنوەی ئەو ویژدانانەی کە مردووە و ڕوناکی باوەڕی ڕاستی لە دڵیانا نەماوە، بۆ ئەوەی ببێ بە

**کۆششێك بۆ دەست پێکردنەوەی ژیانێکی نوێ بۆ ئەوەی بە باوەڕێکی نوێ و پتەوەوە بەرگێکی ئیمانی نوێ لەبەر بکەن سەر لە نوێ ڕێگەی ڕاست و ڕاستی بگرن و بە تەواوی خۆیان لە تاوان و گومڕایی هەڵکەنن و دور بکەونەوە، بۆ ئەوەی لە ژیانی هەردوو جیهاندا بەختەوەر بژین، یارمەتیش تەنها لەلایەن یەزدانی بەخشندە و میهرەبانەوە.**

**عومەر حاجی علی زەنگەنە / خورماتوو**

2006/4/26

# خەوبینینی ڕاستی

مرد، بەڵام زۆر پێویستی بە مردن هەبوو!! چەند ساڵێکی دوور و درێژ لە ژێر ئازارەکاندا دەتلایەوە ئەوەندە بە تینبوون لە وزەی ئەودا نەبوون خۆی ڕاگرێ، ئازارەکانی بڕبڕەکلنی پشتی لە هەمویان زیاتر بە شەوان توندتر دەبوون، لە خەو بێ بەشیان کردبوو، ئای شەو گار چەند درێژە بۆ ئەو مرۆڤانەی بە شەودا نانون!! نزیکەی ساڵێك پێش ئێستا سەردانی پیاوەکەیم کرد، ئەویش هات بۆلام زۆر بە شەرمەوە دانیشت، بۆ ئەوەی خەوەکەیم بۆ بگێرێتەوە، بەدەم خەونو یچکێ و باوێشکدانەوە، وتی، دوێنێ شەو لە خەونمدا دوو پیاوی بەتەمەنی یەزدان پەرستم بینی، پیاوچاکی و یەزدان پەرستیان بە

ناوچەوانەوە دیاربوو، نوری یەزدانی لە دەموچاویاندا دەبریسکایەوە، هەر لە شێوەی دوو مانگی چواردە دەگەشانەوە، یەکەمیان- وتی، کچەکەم: بە دەستی ئازارە دوور و درێژەکانتەوە زۆر ماندوو بویتە، تۆ پێویستت بە پشودانێکی زۆر درێژ هەیە لە ئارامگەیەکی فراواندا، وەرە ئا لێرە جێگیربە بۆ ئەوەی پشوو بدەیت، لە کاتی وتەکەیدا ئاماژەی کرد بۆ جێگەیەك لە تەنیشت ئەو جێگەیەوە بوو کە خۆی تێدا وەستابوو، فەرمویان لەم جێگەیەدا ئازارەکانت ئیتر ناگەڕێنەو بۆالت، لە هیچ کاتێکدا سەرت لێ نادەن، پیاوچاکی دووەمیان، وتی،! کچەکەم: من یارمەتی دەرت دەبم هەر کاتێك پێویتت بە یارمەتی هەبوو، بەهیچ جۆرێك لە یادت ناکەم، منیان دەدواند لە شێوەی دواندنی باوکێکی دڵسۆز کاتێك

کچە تاقانەکەی دەدوێنێت, لە باوکێکی دڵ سۆز زیاتر دڵسۆزیان بۆ من دەردەبڕی, من بە هیچ شێوەیەك نەیانم دەناسی, لە بەر ئەوەی لە پێشدا نەیانم دیبوو, بە ئەوپەڕی ڕێز و نەوازشەوە لە تەکیاندا هاتمە گڤتوگۆ, بە شێوە دواندنێك کە دانم دەنا بە چاکەکانیاندا, وتم! من زۆر شەرمەزاری دڵسۆزی باوکایەتیتانم, ئایە دەتوانم بزانم ئێوە کێن, پیاوچاکی یەکەم فەرمووی, من ( شێخ عبد القادر گەیلانی)م! دووەمیان فەرمووی من (باوکی أیوب الانصاری)م, وتی ئەم پیاوچاکانە بوون کە لەخەوەکەمدا بینیانم ئیتر بەخەبەر هاتم, زۆر دڵ شاد و کامەران بووم بەم خەوە سەرسورهێنەرە, پرسیاری لێمکرد, ئایە مانای خەوەکەم چیە؟؟, وەڵامی دایەوە, وتم بینینی پیاوچاکان لە خەودا یان لە ئاگاداریدا

هەمووی فەر و چاکەیە، دوور نیە یەزدانی بەخشندە تەندروستیت چاک بکا وە بەم نزیکانە لەم نەخۆشیەت چاکەوە بی، و چاکەیەکت بە دەست بکەوێ، هەر لەو ڕۆژەوە لە دڵمدا جێگیر بوو کە کۆچ دەکات بۆ ژینگەیەکی دیکە، دەبێ بە خاوەنی پشوودان و حەوانەوەیەکی هەمیشەیی، کە نە ئازاری تێدایە و نە سکاڵا، بەڵام نەمدەتوانی ئەوەی بۆ دەربخەم کە لەبیری مندا جێگیر بووە، بێدەنگ بووم، ئەویش هەروەها پیاوەکەی و ئەوانەی لەو جێگەیەدا ئامادەبوون بێدەنگ و کش و مات بوون، خاوەنی خەوەکە لە پێش پەنجا ساڵدا لە حاڵەتی هەرەتی لاویەتی دا بوو لەگەڵ خێزانەکەیدا دەژیا لە شاری اسلام بول (اسطنبول)، لە سەرتاپای پڕبوو لە بوژانەوە و گەشەکردن، خاوەنی جوانیەکی سەرەنج

ڕاکێش و لەش و لارێکی زۆر جوان و رێك بوو، پیاوەکەی خەڵکی (بەغدا)بوو، لەو ڕۆژانەدا لەسەرەتای لاوێتیدا بوو، درێژێ چلیەکەی و بالا رێکەکەی پر بەچاوی بینەرانی بوو، یەزدان لە شێوە و ڕوخسارێکی تایبەتدا دروستی کردبوو، خاوەنی ڕەوشتێکی زۆر جوانبوو، نیگار و دیمەنێکی سەرنج ڕاکێش دەرونی هەبوو، کوڕە لاوەکە لە شاری کچەکەدا دەیخوێند (اسلام بول) سەرگەرمی زانیاریەکانی هونەری سەربازی بوو، هەموو ڕۆژێك کە دەچو بۆ دانشگەکەی، لە ڕێگەی خوێندنگەکەیدا چاوی بە کچەکە دەکەوت، لە ئەنجام دا بڕیاری دا لە دڵی خۆیدا مارەی بکا، داوای لەیەزدان کرد هیواکەی جێ بەجێ بکات، یەزدانی بەخشندە و میهرەبان داواکەی پەسەند کرد و هیواکەی بەدی هێنا، باوك و

کچەکە ڕازی بوون، کوڕەکە خوێندنی تەواو کردو گەڕایەوە بۆ بەغدا، کچەکە و باوکە پیرەکەش ڕویان لە بەغدا کرد، لە شاری بەغدا لە خانویەکی بچوکی ئاسایی ئەو سەردەمەدا ئاهەنگی ژن هێنانیان سازکرد، ژیانێکی پڕ لە بەختەوەری و کامەرانیان لەو خانووە بچوکەدا بردە سەر لە یەکێك لە گەڕەکەکانی بەغدای ئەو سەردەمەدا، ئاشکرایە بەغدای ساڵەکانی بیستەکان لە گەڵ بەغدای ساڵەکانی حەفتاکاندا گۆڕانکاریەکی زۆری تێدا هەیە، باوك و دایکی کوڕەکە هەر لەو خانوەدا دەژیان،تەمەنیان زۆر بەساڵدا چوبوون، زۆریش لاواز و بێتوانا و پیر بوون، بوکەکەیان خۆی تەرخان کردبوو بۆ خزمەت کردنی باوك و دایکی پیاوەکەی، تەنها خۆی بوو لە ماڵەکەدا هەر خۆی

بەرپرس بوو لەهەموو پێویستیەك كەس تر نەبوو لەو ماڵە یارمەتی بدات, هەمو گرانیەكانی ناوماڵی لە ئەستۆی خۆی گرتبوو بە جوانتر و چاكتر شێوە بەڕێیانیەوە دەبرد, لە سەروی هەمویانەوە, خزمەتی باوك و دایكە پیرەكەی, بارەكانی سەر شانی بە تێپەڕبوونی ساڵەكان گرانتر دەبوون, لەبەر ئەوەی ببو بە دایكی كچ و كوڕ, سەرەڕای ئەویش ڕۆژێك لە ڕۆژان كەمتەرخەمی نەدەكرد لە خزمەت كردنی باوك و دایكە بەساڵاچوەكانی پیاوەكەی, بە پێچەوانەوە هەوڵەكانی دوو چەندانەوە دەكرد لە خزمەتگوزاریاندا, خێزانەكەی كۆچیان كرد لە بەغداوە بۆ شاری موسڵ, لەو شارەدا باوكی پیاوەكەی نەخۆش كەوت و نەخۆشیەكی زۆر گران و كوشندە, بو بەهۆی مردنی, مرد لە نێوانی دەستەكانی

بوکە نازدار و لێهاتوەکەیدا، کاتێك گەیشتە دوا هەناسەی ژیانی، بە بوکە خۆشەویستەکەی وت (کچەکەم یەزدانی گەورەت لێ ڕازیبێ و پارێزگارت بێت)، بوکەکەی لە کوڕەکەی لە ژنەکەی دڵسۆزتر و چاکتر خزمەتی کرد، کوڕەکەی داوای لێبوردنی لێ دەکرد بەهۆی سەرگەرم بونی بە فەرمانی میریەوە و هەر ڕۆژێك دەگوازرێتەوە لە جێگەیەکی دیکەوە بۆ جێگەیەکی تر، هەر بەم جۆرەش ژنەکەش دەیوت، منیش زۆر پیر و پەك کەوتە بومە ساڵانی ڕابردووی ژیانم باری گرانی زۆری خستۆتە سەر شانم و ئێستا منیش زۆر پێویستم بە یەکێك هەیە چاوی لێم بێت و خزمەتم بکات، بۆیە من توانام نەماوە خزمەتی یەکێکی تر بکەم، لە دوای ماوەیەك ئەم خێزانە گەڕانەوە بۆ بەغدا، لە

بەغدا پیرێژنەکەش دایکی پیاوەکە نەخۆش کەوت، بوکەکەی خزمەتێکی دڵ سۆزانەی دەکرد، لە شێوەی ڕۆڵەیەکی دڵ سۆز بۆ دایکی خۆی، جێگەی خەوتنی ژوری تایبەتی خۆی و پیاوەکەی بە جێ هێشت، گواستێوە بۆ ژوری پیرێژنە نەخۆشەکە، هەتاکو شەوێك لە شەوان لە ژێر دەستیدا یەزدان گیانی دەرکرد و مرد، ئەو شەوە ئەم هەواڵەی بە پیاوەکەی نەگەیاند کە دایکی مرد!، چاوەڕوانی پیاوەکەی کرد بە شێوەی ڕۆژە ئاساییەکانی تر بە چ شێوەیەك لەخەو هەڵدەسا، لەو کاتەدا پیرێژنەکە لە دوا هەناسەدا بوو، دەستەکانی بۆ ئاسمان برزکردەوە، وتی ( یەزدانی گەورە من زۆر ڕازیم لە بوکەکەم تۆیش ئەی خودایە ڕازیبە لێی، و بیپارێزە و تەندروستی چاك بکە بە لەشی دا)، هیچ کاتێ ووشە دڵسۆزیە

هەمیشەیەکانیم لە یاد ناچێت کە دەدوا لە بارەی باوکی پیاوەکەیەوە، هەمیشە ئازارەکانی ناخی بۆ مردنیان دەردەبڕی، هەمیشە لە یەزدانی گەورە دەپاڕایەوە بۆیان، لێیان ببورێ و بەزەیی پێیاندا بێتەوە و بەبەهەشتی بەرینیان شاد بکات، بە بیرما نایەت جارێك ناویان هاتبێت و چاوەکانی بەخورم فرمێسکیان لێ نەبارییبێت، بەزەیی و دڵسۆزییەکەی بنەڕەتی بوو لە ناخی دڵیەوە هەڵدەقوڵان، هەستی مرۆڤایەتی زیندووی سروشتی هەڵدەقوڵا لە شێوەی هەڵقوڵانی ئاوی کانیاوەکان و جۆگەلە سروشتیە ئاساییەکان، پلەی فەرمانی پیاوەکەی هەڵکشا بۆ بەرزترین پلەی ناو گروپەکەی خۆی، کارەکانی ناو فەرمانگەکەی زۆر بوبون، بەجۆرێك هەموو کاتەکانی گرتبوو، بەڵام بەناچاری، جار جارێك دزەی دەکرد لە

ناو کارە چڕ و پڕەکانیدا بەکاری دەهێنا بۆ خزمەتی خەڵك و یەزدان پەرستی، کارەکانم پەیوەندی گرێدرا بە کارەکانیەوە لە ساڵەکانی چلەکانی ئەم قەرنەدا، ڕۆژێك هات بۆ پشکنینی ئەو تیپە سوارەیی کە من پەیوەندیم پێوە بەسترابوو، ئەوکاتە من ئەفسەرێکی پچوك بووم لە گروپی سوارەکان، ئەو ئەفسەرێکی گەورەبوو بە پەنجەی شایەتی ئاماژەی بۆ دەکرا، لەو سەردەمەدا تیپەکەمان لەسەر بازگەی (جلولا)(گوڵاڵە)بوو، سەردانێکمانی کرد بۆ ئەوەی چاوی بکەوێت بە کار و باری ئەسپەکان و سەیری تەندروستیان بکات، سەردانی ئەم ئەفسەرە پایە بەرزە پشکنەرە گەورەیە ماوەی دوو ڕۆژی خایاند، شەوێکی لەو ئارامگەیەدا بەسەر برد کە من تێیدا دەس بەکاربووم، بە ڕێکەوت لە ژورێکدا

نوست بە تەنیش ژوری نوستنەکەی منەوە بوو، گوێم لە خوێندنی قورئانی پیرۆز بوو لە سەرەتای دەس پێکردنی شەودا، لە بەر جوانی خوێندنی قورئانەکەی پێستە و دەمارەکانی گیانم کەوتنە هەژاندن، لە سۆزی دەنگە خۆشەکەی و دڵە ترسێ کردنی، هەستم بە نوێژەکانی دەکرد لە دوا بەشی شەودا، دڵم هەستی بە خۆشەویستی ئەم پیاوە پیرۆزە کرد، بە تایبەتی کاتێ نوێژی بەیانی کە نوێژی دابەست، بە بێ ئەوەی ڕوخسەتی لێ وەربگرم چومە ژورەکەیەوەپەیوەندیم پێوە کرد لە پشتێوە نوێژم دابەست، دوای تەواوبونی نوێژ سڵاوم لێی کرد وەڵامی سەڵاوەکەمی دایەوە، دۆستایەتیم لەگەڵدا پەیدا کرد تەنها بۆ یەزدان و لە ڕێگەی ئەودا، بەردەوام بوو لە یەزدان پەرستی دا و هەمیشە لە

پەرەسەندندا بوو، خۆشەویستیەکەی بە تەواوی لە ناخمدا جێگیر بوو لە ئەنجامدا سەردانی کردنی بە لامەوە زۆر سادە و ئاسایی بوو لە شێوەی سەردانی هەموو مرۆڤێکی ئاسایی، بە لای خۆمەوە وام دەدایە قەڵەم ئەو سەردانانام جۆرێکە لە شێوەکانی یەزدان پەرستی، سەردانیم دەکرد لە نوسینگە تایبەتەکەیدا لە وەزارەتی بەرگری،بە تایبەتی ئەو کاتانەی لە (جەلەولا) وە بە مۆڵەت دەگەڕامەوە بۆ بەغدا، لە دوای ئەوەی فەرمانەکەم گوازرایەوە بۆ (بەغدا) سەردانیم زۆرتر دەکرد، جارێکیان بە هۆی کاری فەرمانەکەمەوە جارێکیش بۆ سوود وەرگرتنی لە زانیاریەکانی و یەزدان پەرستی، ڕۆژێك نەبوو سەردانی بکەم و زانیاری نوێ لێوە فێرنەبم، بە گیان و بەدڵ و بە ئەوپەڕی

خۆشەویستی و ڕێزەوە پەیوەست بوم پێیەوە، زۆربەی زۆری ئەو مرۆڤانەی سەردانیان دەکرد لە بەشی سەربازی نەبوون، داوای یارمەتیان لێی دەکرد، دەیانکرد بە پێشڕەو و ڕێگە نیشاندەریان، ژووی تایبەتی کار و فەرمانەکەی هەمیشە پڕ بوو لەو خەڵکانەی کە دەهاتن بۆ سەردان، بە زۆری یارمەتی هەژارانی دەدا، پێویستیەکانیانی جێ بەجێ دەکرد، دڵنەوایی بۆ نەوایانی دەکرد، دەستی زۆرداری لە سەر زۆر لێکراوان هەڵدەگرد، بە یەکسانی سەیری مرۆڤەکانی دەکرد، جیاوازی نەدەکرد لە نێوان دەوڵەمەند و هەژاراندا و گەورە و بچوکی بە پێی پێویست ڕێزی لێی دەگرت، پێشەکی سەردانی ئەفسەرەکانیم دەکرد، پێش ئەوەی بڕۆم بۆ لای لەبەر ئەوە پرسیاری ناوی

ئەو کەسانە بکەم کە هاتونە بۆ سەردانی، زۆربەی کات ئەفسەرەکانیم دەبینی لە سەر پێیەکانیان ڕاوەستابوون، لە بەر ئەوەی میوانەکانیان لە جێگەکانیان دانیشتبوون، ژورەکە پڕدەبوو لە میوان، بە ناچاری جێگەکانی ڕێك خستبون لە شێوەی پۆلەکانی خوێندنگەکان و ژورەکانی وانە خوێندن و وتاربێژان و دانیشتگەکاندا، هەرکاتێك چاوی پێم بکەوتایە، بە شێك لە میوانەکانی ئەدایە دەستم و دەیفەرموو ( زۆر چاکە یەزدان ئێستا لەم کاتەدا تۆی هێنا ) یەکێك کارێکی لە (تجنید) هەبوو، ئەمیان کارێکی لە بەڕێوبەرایەتی بەڕێوەبردن وەستاوە، ئەوەیان کوڕەکەی نەخۆشە و پێویستی بە چارەکردن هەیە، دەیفەرموو تکات لێ دەکەم بڕۆ بۆ جێبەجێ کردنی کار و پێویستیەکانیان، خۆیشی سەرگەرمی

گوێگرتنی لە داواکاریەکانی میوانەکان بوو، بەردەوام دەستی بە ئامێری پەیوەندیەکەیەوە بوو بۆ یارمەتیدانیان، هەمیشە بە ناوەڕۆکی ئەم کارەدا ئاڵابوو بە ناخ و قوڵییەکانیان دەچوە خوارەوە، گوێی لە داوای لێ بوردنەکانم نەدەگرت کە من کارم هەیە لە نوسینگەکەی خۆم، نە گوێی لە لێبوردنم وەردەگرت و نە لێبوردنی لێم وەردەگرت، هەموو ناخەکانی ناوەوەی ئەوە بۆ کێشەکانی بۆ ئەو مرۆڤانە جێ بەجێ بکات، لە گەڵ ئەو خەڵکاندا دەڕۆیشتم کە دەیانی نارد لە تەکمدا، خوار و ژورمان دەکرد بۆ جێ بەجێبوونی کێشەکانیان، لە هەڵسوکەوتانەدا زۆر بەکەمی ئەو کەسانەم بەرچاو دەکەت کە مافی ڕاستەقینەیان هەبوو لە داواکەیاندا، بە زۆری دەیانم بینی ئەو داوایانەی هەیان

بوو مافی خۆیان نەبوو کە داوایان دەکرد، دەگەڕامەوە بۆ لای لەگەڵ ئەو کەسانەدا کە مافی داواکردنیان نیە کە کێشەکەیان جێبەجێ بکرێت، هەوڵم دەدا ڕازی بکەم، بەو داوا لێبوردنەی کە ئەو لایەنەی نەیانتوانیوە کێشەکانیان جێبەجێ بکەن، بەڵام گوێی لەمن نەدەگرت، لە ئازارەکانیاندا هاوبەشی دەکرد، ئەوانەی کێشەکانیان تەواو دەبوو ڕاستەوخۆ دەگەڕانەوە بۆ ماڵی خۆیان، نە دەگەڕانەوە بۆ لای بۆ ئەوەی سوپاسی بکەن لە پێناوی جێ بەجێ بونی کێشەکانیاندا، لە نوسینگەیەکدا دەمیهێشتەوە هەتا چۆڵ دەبوو، چۆڵیش نەدەبوو هەتاکو کۆتایی کاتی کارکردن و کات ژمێری دیاریکراو، ڕۆژێك لە ڕۆژان بیستم بە ئەفسەری بەرپرسی موچەکانی وت کەکاری دەکرد لە

نوسینگەکەیدا، (دەمەوێت پێنچ دینارم بە قەرز بدەیتێ) ئەویش پێنج دیناری بۆ هێنا، لە ساڵەکانی چلەکاندا ئەو کاتە پێنج دینار زۆر بوو، ئەو کاتە ( رطل) گۆشت بە سی فلسی بوو یەك تەنەکەی ڕۆنی پاکی خۆماڵی ئاژەڵی بەنیو دینار بوو، چاکەت و پانتۆڵێك لە گەڵ دورمانەکەیدا بە دوو دیناربوو!! لەتەکیدا دەرچوم بۆ ئەوەی بگەڕێتەوە بۆ ماڵ، بۆ ئەوەی بیگەیەنم و بگەڕێمەوە، ئێمە بە پێ دەرۆیشتین، ئەفسەرە گەورەکانی ئەو سەردەمە ماشێنی تایبەتییان نەبوو، لە وزارەتی بەرگری تەنها دوو ماشێنی تایبەتی هەبوون، یەکێکیان بۆ وەزیری بەرگری دووەمیشیان بۆ سەرۆکی ئرکان، ئەفسەرەکانی دیکە لە ماشێنی بە کۆمەڵی و هاوبەشدا هات و چۆیان دەکرد، هەر

کۆمەڵێکی دیاری کراوی دەگوێزایەوە بۆ جێگەیەکی دیاری کراو لە کاتێکی دیاریکراودا، ئەم پیاوە گەورەیە کردبووی بە پیشە، هەمیشە لەسەر شۆستەی بەرامبەر بە وەزارەتی بەرگری ڕادەوەستا، زۆربەی خاوەن ماشێنەکان دەیانناسی بە ئاواتەوە بوون چاکەی لەگەڵ دا بکەن، ئەگەر بیان بینییایە ڕاوەستاوە، داوایان لێی دەکرد لە تەکیاندا سوار بێ، هەتاکو بیگەیەننە جێگەی مەبەستی، ئەوکاتەی لە نوسینگەکەی دەردەچوو، بڕیاری نەدەدا بۆ کوێ دەچێت، لەو کاتەدا جێگەیەك نەبوو کە بۆی بڕوا جگە لە ماڵەکەی خۆی، کە کەوتبوە لای (الاعظمية)وە، و یان بەرەو ڕوی مزگەوتی (الشيخ عبد القادر الكيلانى) (خ) کە بەرەو ڕووی پێچەوانەی شەقامەکەیە، ئەگەر ماشێنەکە بەرەو ڕووی ماڵەکەی

بڕوایە و خاوەن ماشێنەکە فەرمووی لێ بکردایە، ئەوە دەڕۆیشتەوە بۆ ماڵ، ئەگەر ماشێنەکە بەرەو ڕووی مزگەوتی (گەیلانی) بڕۆایە خاوەن ماشێنەکە فەرمووی لێ بکردایە سوار دەبوو زۆر بە شادومانیەوە سوپاسی یەزدانی دەکرد و دەیوت (گەورەمان شێخ داوام دەکات)!!! ئەو ڕۆژە پێنج دینار لە گیرفانی دا بوو، ماشێنێك بەرەو مزگەوتی (شێخ عبد القادر الکیلانی) ڕێگەی دەبڕی، هەڵمانی گرت بۆ ئەوەێ، ڕۆشتینە مزگەوتەکەوە، لە لای دەرگا بچوکەکەوە، لەو ڕۆژانەدا مزگەوتەکە زۆر ئاوەدان بوو، ئاوەدان بوو بە پیاو چاکان کە لە زۆربەی وڵاتە ئیسلامیەکانەوە هاتبوون وەکوو، پاکستان، هندستان، چین، ترکستان، مغرب، یەزدان پەرستیان تێدا دەکرد لە نزیکی شێخی پیرۆزەوە و لە مزگەوتەکەیدا، بە لای

ڕاستا وەرگەڕا، لە دەرگای ژوری یەکەمیدا، چوار یەکی دیناریێکی دابەش کرد بەسەر دانیشتوەکانیدا، لە دوایدا پرسیاری لێیان کرد ( شۆرباتان هەیە) وەڵامیان دیایەوە (خواردمان) لە دەرگەی هەموو ژورەکانیدا، ئاوەدان بوون بە پیاوچاکان، بە هەر پیاوێك چارەکە دیناریێکی بەخشی، پرسیاری کرد لێیان (شۆرباتان هەیە) دەیانوت (خواردمان) ئەوەی شایەنی باسە شۆربا لە دوای نوێژی نیوەڕۆ ڕاستەوخۆ دابەش دەکرا، کاتێ ئێمە گەیشتین بە مزگەوت، کاتژمێر سێیەمی دوای نیوەڕۆ بوو، واتە سێ کات ژمێر لە دوای دابەشکردنی شۆرباکە ئێمە گەیشتبووین، ئاشکرایە شۆربا لەو کاتە درەنگەی دوای نیوەڕۆدا وەدەست ناکەوێ، لە کۆتاییدا لە دەرگای ئەو ژورەیدا کە بەرامبەر جێگەی نوێژی هاوینە، پیاوێکی

پیری خەڵکی وڵاتی پاکستانی تێدا بوو، کە دەیناڵاند بە دەستی نەخۆشی و پیرییەوە، هەردەم ناوی یەزدانی بەسەر زارەوە بوو، کویمان بە دەنگێکی زۆر کزی لەرزۆك بوو لە ناو ژورەکەوە دەرچوو، پێمی وت وەرە ژورەوە، لە تەکی دا چوینە ژورەوە، چاومان کەوت بە پیاوێکی پیری پاکستانی لە سەر نوێنەکەیدا ڕاکشاوە لە ژورە تاریکەکەیدا، هاورێکەم چارەکە دیناریکی پێدا، دەستی کرد بە دڵ دانەوەی، هانی دەدا و داوای لێ دەکرد، لە یەزدان بۆی بپاڕێتەوە پرسیاری لێکرد ( شۆربات هەیە )؟ لە وەڵامدا وتی، لە بەر نەخۆشی نەمتوانی بیخۆمەوە لەسەر ئەو ( ڕەفە ) دامناوە، بە پەنجەی ئاماژەی بۆی کرد، هاوەڵەکەم بە پەلە پەلاماری شۆرباکەی دا، کرابوە ناو قاپێکی قوڕینی سورەوەکراوی ڕەنگ سەوز کە بە بۆیەی

سەوز بۆیە کرابوو، بە هەردوو دەستی قاپە شۆرباکەی هەڵ گرت، لە شێوەی مرۆڤێك کانێکی گەوهەر و ئاڵتونی زۆر بەنرخی بەدەست کەوتبێ، پێمی وت بخۆرەوە، چاوم کەوت بە قاپەکە و بە شۆرباکە ساردەوە بوبون، دڵم نەیهێنا بیخۆمەوە، بەڵام هاوڕێی بە هێز و بە بەژن و باڵا بەرزەکەم، بە خۆشیەوە شانمی گرت و قاپە شۆرباکەی بە زۆر نا بە دەممەوە و زۆرم لێی خواردەوە، لە دوایدا قاپەکەی نا بە لێوی خۆیەوە و دەستی کرد بە هەڵقوڕاندنی هەتاکو کۆتایی پێ هێنا، هەر لە شێوەی خۆشترین خواردن بخوات لەم جیهانەدا، لە دوایی دا قاپەکەی نایەوە جێگەکەی خۆی، زۆر سوپاسی یەزدانی بەخشندە و میهرەبانی کرد کە ئەو خواردنە خۆشەی پێیەی بەخشیوە، لە دڵی خۆمدا و لە ناخی خۆمدا

دوام، لە یەزدان زیاتر کەسی تر کوێی لێم نەبوو، وتم دور نیە هاوڕێکەم لەگەڵ خێزانەکەیدا کۆك نەبێت و ئەم نیوەڕۆیە خواردنی بۆی نەکردوە، یان لەماڵەوە نیە خواردنی بۆی دروست نەکردوە، هەر لەبەر ئەوەیە هەمیشە پرسیاری شۆربای دەکرد، لەدوای ئەوەی پێنج دینارەکە و پارەکەیمان دابەش کرد لەو پارانەی لە گیرفانی خۆیدا هەبوو، لە مزگەوتی گەیلانی دەرچوین، وەستاین چاوەڕوانی ماشێنێك بوین کە بەرەو (الاعظمیة) بمان بات، ئەو بۆ ماڵی خۆی و منیش بۆ ماڵی خۆم، دراوسێی یەك بوین، خانوەکەی ئەو بەرامبەر هێڵی ئاسنینی (الصرافیە)بوو لەسەر ئەو ڕێگەیەی کە بەرەو لای ڕاست دەچێت، خانوەکەی منیش بەرامبەر ئەو هێڵە ئاسنە بوو بەلای چەپدا بەو ڕێگەیەدا کە بەرەو (الاعظمیة) دەچێت،

زۆر چاوەڕوانمان کرد، هاوڕێکەم پایە بەرز بوو هەموکەس چاوەڕوانی پیاوەتی و چاکە بوو لێی، کەسیش لە شەڕ و دژواری ئەو نەدەترسا، لە ماشێنەکەدا دابەزیمان لە دووریانەکەی ( باب المعظم)، الاعظمية، لە هێڵی ئاسنینی (الصرافیە)، دەستمی گرت و بە ڕاکێشان ڕامیکێشا بۆ ماڵی خۆیان! کاتژمێر گەیشتبوە پێنجی ئێوارە، ماڵەوەمان چاوەڕوان بوون، وتی وەرە بۆ ماڵی ئێمە نیوەڕۆژە بەیەکەوە دەکەین، وتم ماڵەوە چاوەڕوانمن، بەڵام سودی نەبوو وازی نەهێنا، ژنەکەی بەڕێزەوە پێشوازی لێکرد، درودی یەزدانی بەسەرەوە دیار بوو، بەتەنها نانی نەدەخوارد ئەگەر پیاوەکەی ئامادە نەبوایە، لە چاوەڕوانیدا دەمایەوە هەتاکو دەگەڕایەوە ماڵ، باوەڕی وابوو،ئەگەر بەبێ مێردەکەی بەتەنها نان بخوات لە مافەکانی

پیاوەکەی کە بەسەریەوەیەتی کەمدەکاتەوە، ئاگاداری ژنەکەی کردەوە وتی میوانم لە تەکدایە، لە دەرگام وەستاوە، ڕۆیشتمە ماڵەوە لە ژور میوان دانیشتم، لە دوای چەند چرکەیەك، دەموچاوی خۆمم دەبینی لە ناو ئەو تەختە و قەنەفانەدا کە لەسەری دانیشتبوم لەبەر پاك و خاوێنی دەبروسکایەوە و دەدرەوشایەوە، هەستم دەکرد لە گۆشەکانی ژورەکەدا بۆنێکی زۆر خۆش بڵاو دەبونەوە، پشتیەکانی قەنەفەکانم دەبینی لە شێوەی گوڵ ڕەنگیان دەدایەوە، لەبەر پاك و خاوێنیان، زۆری نەخایەند کە دانیشتبوم لە ژوری میوان، گوێم لێیبو بانگمی کرد وتی فەرمو، ڕۆشتمە ژوری نانخواردنەوە، سەیرم کرد خواردنێك ئامادە کراوە نە لە پێشدا و نە لە دوایدا ئەو جۆرە خواردنەم نەدیوە، چی لە

ژمارەی خواردنەکانیان لە خۆشی بۆنەکانیان لە ڕێکخستنیان لەسەر خوانەکەدا، ئەو دەستە گوڵانەی لە دەوریان دانرابون دڵ و دەرونی ئادەمیزادیان دەکردەوە، لە پێش هەموو خواردنەکاندا دستم کرد بە شۆربا خواردنەوە، هەتاکو ئێستا شۆربای لەو جۆرە بەو شێوەیەم نەخواردوە، دەستمان کرد بە خواردن خواردنی دووەم و سێیەم و چوارەم، هەر ئەوەنە بەسە کە دەڵێم لەسەر خوانەکە شەش جۆرە (زەڵاتە دانرابو)، ئەوکاتە زانیم، ئەم پیاوە بۆچی دەگەڕا بۆ خواردنی شۆربای ئەو پیاوچاکانەی لە مزگەوتی گەیلانیدا ژیانیان بەسەر دەبرد، خواردنەوەی ئەو شۆربایە تەنها بۆ فەر و نەوازش بوو، بۆ ئەوە نەبوو تەنها ورگی خۆی تێر بکات، بەڵای ئەوەوە ئەو شۆربایە شۆربایەکی ( مەعنەوی)یە بەڵکو پەیوەندی

بە (ماددە)و دەور و بەرەکەیەوە نەبووە، ئەو ماوەیەی بۆی دیاری کرابوو بۆ خزمەتکردنی لە سوپادا تەواوی کرد و دەرچو، لە ماڵەکەیدا ئارامی گرت بە خانەنشینی، ئەو کەسانەی بە دڵسۆزترینی هاوەڵی خۆی دایانی نابوو هەمویان لێی ڕەوانەوە و دورکەوتنەوە لێی، ئەو بەهاوەڵی دڵسۆز دایانی نابو لە پێشدا دەورەیان لێی دەدا، لە شێوەی بازنە لە مەچەکدا، هەموویان دڵسۆزی خۆیان دەردەبڕی، پێشبڕکێیان دەکرد بۆ ئەوەی لە لای دەربکەوتنایە، ئەو وشانەیان دەبیست کە ئەو دەیویست بیبیستێ، لەبەر ئەوەی بەرژەوەندیە تایبەتیەکانیانی جێ بەیجێ دەکرد، بەڵام ئەوانە خاوەنی بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان بوون، کاتێ خانەنیشین کرا، نە ژیانی ماو نە دەست کەوت، هەمویان بەجێیان هێشت،

ماڵەکەی چۆڵ بوو لە میوانەکان، بە تەنها مایەوە، جگە لە خێزانەکەی خۆی و کەسەکانی کەس دڵنەوایی نەدەکرد، بەڵام بە هیچ جۆرێك نەگۆڕا هەر بەکامەرانی و بە ویژدانێکی شادەوە مایەوە، من لە جارەکانی پێشوو زیاتر سەردانیم دەکرد، لە پێناو یەزداندا خۆشم دەویست، یەزدانیش ماوە و هەتاهەتاییە، ئەو بۆ ئەو کەسایەتییەی کە تێیدا هەبوو زۆر خۆشم ئەویست هەر ماوە، بە پێچەوانەوە گەلێك زۆرتر بوبوون لە پێش چاوی مندا، لەبەر تاك پەرستی و ڕێنماییەکەی هەمووی لە پێناوی یەزداندا بەکاری دەهێنا بە هەموو توانایەکیەوە، ڕوناکیەکی پڕشنداری گیانی بەدەس هێنابو کە بەهیچ شتێك بەرامبەر نەدەکرا، نورێکی یەزانی هەمیشەیی گەش و نەکوژاوەی بەدەست هێنابوو، هەر چەندە گۆشەگیر

ببوایە زیاتر گیانم لێی نزیك دەبووەوە، هەرچەندە لە خەڵك دور بکەوتایەوە پەیوەندی بە یەزدانەوە زۆرتر دەبوو، هەتاکو ئێستاش هەست دەکەم بە خۆشیەکی گیانی مەعنەوی بێ سنور هەرچەندە لێی نزیك دەبمەوە، لە سوپا دەرچو جگە لە موچەی خانەنشینی و خانویەکی ئاسایی بچوك هیچ جۆرە دەسهاتێکی نەبوو بە پێچەوانەوە دەیتوانی چەندەها ملیون بەدەست بهێنێ، لەبەر ئەوەی جێگە و پلە و پایەی زۆر بەرزی هەبوو، هەمیشە پارەی بەسەر هاوڵەکانیدا دەباران بەڵام خۆی گرد و پاراست بە جۆر و شێوەیەکی بێ وێنە، خۆگری و پاراستن لەلایەن خاوەن دەسەڵات داران زۆر کەمە، لە دوای ماوەیەکی کەم کە خانەنیشین کرا خانوەکەی فرۆشت بۆ ئەوەی بە پارەکە

بتوانێ منداڵەکانی دابمەزرێنێت و خوێندنیان پێ تەواو بکات و پێویستیەکانی ژیانیان جێبەجێ بکات، هەر بەم شێوەیە بە بێ نەوای مایەوە نە پارەی هەبوو نە خانو، کاری ئەم پیاوە زۆر سەرسوڕهێنەربوو، هەر چەندە هەژارتر دەبوو سوپاس گوزاری یەزدانی زۆرتر دەکرد، کۆچی کرد بۆ دەرەوەی وڵات بۆ ئەوەی چاوی لە کوڕەکەی بێت کە لەدەرەوەی وڵات دەیخوێند، لە دوای چەند ساڵێك گەڕایەوە نیشتیمانەکەی لە خانویەکی ئاسایی زۆر بچوك دا ئارامی گرت بە کرێ تیایدا دادەنیشت بە سێ بەش موچەی خانەنشینەکەی بە ئەودوایی موچەکەی دەژیا بە ژیانێکی ڕۆژ بەسەر بردن، لەو کاتەدا من وڵاتم بە جێهێشت ڕۆیشتم بۆ (مصر) بە کارێکی گرنگی زانستی، ماوەی

پێنج ساڵ مامەوە، نامە لە نێوانمان هاتوچۆی دەکرد، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ زیاتر دڵم پێویستی بە بینینی هەبوو، گەڕامەوە بۆ نیشتیمان، یەکەم کەس بوو سەردانیم کرد، خۆشترین کات لە ژینم ئەو کاتە بوو کە گەشتمە لای، کاتێك گەڕامەوە بۆ عێڕاق ئەونە نەخۆش بوو منیش هەر نەخۆش بووم، کاتێ سەردانیم کرد هەستم کرد باری گیانم سوکبو و چاکەوە بوو، ئەو کاتە هاورێکانم زۆربەیان ماشێنی تایبەتیان هەبوو، کاتێ سەردانمیان دەکرد، دەیانوت، ماڵ بەجێ ناهێڵی بڕۆین بۆ گەڕان هەتاکو کەمێك دڵت بکرێتەوە، منیش دەموت، با دڵی خۆمان بکەینەوە بە گەڕانێکی ڕوحانی، بڕۆین بۆ ماڵی ئەو پیاوە پیرۆزە، بۆ ماڵی فڵانە کەس، دەڕۆشتینە ماڵەکەی بۆ سەردانی، بە چاوپێکەوتنی بە ئێمە باڵەکانی

بۆمان کردەوە و لە ئامێزی خۆیمانی دەنا، نێوانی ماڵی ئێمە و ئەوان ماوەیەك دوربوو، ماڵی ئێمە لە گەڕەکی (یرموك)بو ماڵی ئەوان لە (الاعظمیة)بو، بە پێ ڕۆشتن و گەڕانەوە نزیکەی چل کیلۆ مەتر دەبوو لە دوای تێپەڕبونی ساڵێك بە سەر گەڕانەوەمدا بۆ عێڕاق، ژنەکەی ئەو خەوە ڕاستەی بۆم گێڕایەوە، کە لەسەرەتای چیرۆکەکەدا بۆتانم گێڕاوەتەوە، لەو کاتە بەدواوە ئازارەکانی زۆرتر دەبوون پزیشکەکان ڕێنماییان دەکرد، ئەو دەرمانانە بەکار بهێنێت ئازارەکانی کەم دەکەنەوە، ئەو دەرمانانەش تەنها لەش سڕ دەکەن و چارەسەر نین، ئەم جۆرە دەرمانانە لەشی مرۆڤ تێك دەدا چاکی ناکاتەوە، چەند کاتژمێرێك لەش سڕدەکا، بۆ چەند ساڵێك تێکی دەدا، ماوەیەکی کەم ئارامی دێنێ بۆ

نەخۆش زوتر بەرەو مردن و لە ناوچونی دەبات بۆ ڕۆژی دوایی، ئەو ئافرەتە یەزدان پەرستە وردە وردە کز و سیس دەبووەوە، هەموو ئەندامەکانی لەشی لە شێوەی مۆمێکی گڕکرتو دەستی کرد بە توانەوە، بەڵام کۆڵی نەدەدا و سور بوو بۆ جێبەجێ کردنی فەرمانەکانی نێو ماڵەکەی، بە جوانترین شێوە هەڵی دەسوڕان، بەجوانی هەڵدسا بە خزمەتگوزاری پیاوەکەی، بە چاکترین شێوە، کەمە کەمە ڕەنگی دەستی کرد بە گۆڕان، دەموچاوی زەرد هەڵگەڕان، دەست و پێیەکانی بێ هێز و لەرزۆك بوون، باڵا لە بار و نەشمیلەکەی بەرەو پێش چەمایەوە، دەنگی کز و لەرزۆك و بێ هێز بوو هەمو کۆ ئەندامەکانی لەشی بەرەو لاوازی دەڕۆیشت، بەڵام بیر و هۆشی زۆر چاك بوو نەگۆڕا، هەڵسوکەوتی لە جێگەی

خۆیدا بوو، ورەی زۆر بەرزبوو، لە ڕۆژی چوارشەمە 20 ذو القعدەی 1394کۆچی بەرامبەر بە کانونی یەکەمی ساڵی 1974 زاینی. یەزدان کۆتایی بە تەمەنی دیاری کراوی هێنا، کۆچی دوای کرد و ڕۆشت بۆ لای یەزدانی مەزن و بێهاوتا، لەبەرەبەیانی ئەو ڕۆژە ناخۆشەدا کە هیچ کاتێك لە یادم ناچێتوە، بە تەلەفۆن پەیوەندیم کرد بە پیاوەکەیەوە، پرسیاری نەخۆشی ژنەکەیم لێی کرد لە وەڵامدا وتی (خێزانەکەم لە جاران نەخۆشترە) وتم هەر ئێستا لەلاتان ئامادە دەبم، پەیوەندیم کرد بە هاوسێکەمانەوە ماشێنی هەبوو هات بە پەلە ڕۆیشتین بۆ (الاعظمیة) ڕۆیشتینە ماڵەوە بینیمان هەر وەکو پێشو ڕوگەش و دڵ ئارامە باسی نەخۆشی خێزانەکەی نەکرد، دەستی کرد بە وتەی خۆش و ڕوحانی یەك لە دوای یەکتر،

هەر وەك بڵێی هیچ شتێك ڕوی نەدابێ، پرسیم، تەندروستی خێزانەكەت چۆنە، وتی، لەو ژورەی تەنیشتمانەوەیە، ئازارێكی زۆری لێیە بەهۆی نەخۆشیە كوشندەكەیەوە، هەڵسام ڕۆیشتمە ژورەكەی بینیم نوساوە بە جێگەكەیەوە، بە هیچ جۆرێك هەست بە ڕوداوی دەوری خۆی ناكات، نزرەیەكی كزی لەرزۆكی لێوە دێت، لەگەڵ هاوەڵەكەم دا ڕۆیشتین پزیشكێكی سەردەرچومان هێنا، دەرمانی بۆی نوسی، پێش ئەوەی پزیشكەكە لە ماڵەوە دەرچێ لێیم پرسی، نەخۆشەكەمان چۆنە؟، دەست بە جێ وتی، لە مردنایە ئەمڕۆ یان بەیانی دەمرێت، پاڵە پەستۆی خوێنی پێنج پلە بوو، لێدانی دڵی زۆر كز بوو، عارەقە لە لەشی دەتكا لە شێوەی كاتی هاوین و لە پێش هەتاوێكی بەتیندا دانیشتبێت، گەڕامەوە بۆ لای داوای

دەسەسڕێکی کاغەزی کرد، دامە دەسیەوە، وتی سوپاست دەکەم، زەردە خەنەیەکی کیانە لاوی کرد، ڕەوشتی زۆر بەرز و جوانی لە کاتی گیان کێشاندا لە بیر نەکردبوو، من دانی پیا دەنێم لە تەمەنی خۆمدا یەکێکی دیکەم نەبینیوە لە شێوەی ئەو، ئەوەندە خاوەنی ڕەوشت بەرز و جوان بێت، هەروەها یەکێکی دیکەم نەبینیوە لە شێوەی ئەو ئەوەندە خاوەن ماڵێکی پاك و خاوێن و ڕێك بێت، دەتوانم بڵێم شێوەی ئەو لە ئافرەتاندا زۆر کەمە، دووبارەش نابێتەوە مەگەر بەدەگمەن، لەگەڵ پیاوەکەیدا مامەوە هەتاکو کاتژمێر دوانزەی نیوەڕۆ، هاوسێکەم کە لە تەکیدا هاتبووم دەیویست بگەڕێتوە، ڕوخسەتم خواست لە پیاوەکەی، وتم، لە هەر ڕوداوێك ئاگادارم بکەرەوە، لە کاتژمێر یەك و نیوی دواى

نیوەڕۆ زەنگی تەلەفۆنەکەمان زرنگایەوە، هەڵم گرت گوێم لەدەنگی پیاوەکەی بوو، کە هیچ کاتێك لەلام ناگۆڕێت، وتی ( میمکت مرد ) دەستی بەگریان کرد، گەڕامەوە بۆ لای هاوسێکەم هەتاکو ماشێنەکەی ئامادە بکات، بە پەلە ئەویش ئامادە بوو لە بەردەگەی ماڵ خۆمان چاوەڕوانی بووم، بیستنی مردنی هەموو لەشمی هەژاند، سەرم دەستی کرد بە سوڕ خواردن، بە تەواوی گێژ بووم، ڕەنگی دەموچاوم بە تەواوی گۆڕا، لە دوای ئەوەی نیو میل لە ماڵی خۆمان دورکەوتینەوە، هاوەڵەکەم تەماشای کرد، وتی، من لە جێگەی تۆ بە ئەرکەکانی سەر شانت هەڵ دەستم داوات لێ دەکەم بگەڕێیتەوە بۆ ماڵ پشوبدەیت، وتم، بە خێرایی لێ خوڕن بۆ ماڵی خودا لێخۆشبوە، هەرچی دەبێ بابێ،

لە ماڵی پیاوەکەیدا چەند کەسێکی کەم هەبوون ، پرسیارم لێیانکرد ، یارمەتیتان پێویستە ، وتیان هەمو شتێك ئامادەکراوە ، لە ڕاستیدا هیچ شتێك ئامادە نەکرابوو !!! ، کاتژمێر گەیشتە سێ پیاوەکەی ڕووی لێم کردو وتی ، دەمەوێت خودا لێخۆشبوو لە گۆڕستانی ( شێخ عبدالقادر گەیلانی ) بنێژم لەبەر ئەوەی لە ژیاندا ئەم هیوایەی هەبوو ، ئێستا ئەو هیوایە بۆ ئەو و بۆ منیش بەدی هات ، من باوەڕم وابو جێ بەجێ بونی ئەم هیوایە بەدی نایەت ، منیش وتم ، با هەوڵبدەین ، یەزدان ئەم هیوا زۆر گرانەی بە سوکی بەدی هێنا ، من دەمزانی گەلێك پیاوانی ناوداری گەورە ، پێش مردنی هەوڵی دەدا بەلێنێك وەربگرێت لە دوای مردنی لە گۆڕستانی ( شێخ عبدالقادر گەیلانی ) بنێژرێت ، بەلاَم بەدەستیان نە دەکەوت ،

هەر بەم شێوەیە کەسوکاری پیاوانی ناوداری گەورە هەوڵیان دەدا بڕیارێك وەر بگرن هەتاکو مردوە کەیانی تێدا بنێژرێت بەدەسیان نەدەکەوت ، ئەوەی ڕوون و ئاشکرایە ئەو کەسەی ئاسانکارە ئاسانکاری بەلایەوە ئاسانە ) کات ژمێر بو بە چواری دوای نیوەڕۆ ، بە پیاوەکەیم وت ، با خودا لێخۆشبو هەڵگرین بیبەین بۆ مزگەوتی ( شێخ عبدالقادر گەیلانی ) کاتێك گەیشتینە مزگەوتەکە گۆڕەکەی هێشتا تەواو دروست نەکرابوو ، پێمانیان وت دوو کات ژمێری دیکە چاوەڕوانبن ، تەرمەکەیمان لە مزگەوت دانا ، تابوتەکەی بە ئاڵای پێشڕەومان باوکی حەنیفە داپۆشرابو ، خودای لێ ڕازی بێت ، لە بان جێگەیەکی کەمێك بەرز دامان نا لە ژووری مزگەوتەکەدا ، لە ژوری دانیشتنی گەیلانیدا

دانیشتین چاوەڕوانی نوێژی خۆر ئاوا بونمان دەکرد ، نوێژی خۆر ئاوا بونمان لە مزگەوتەکەدا کرد ، پێش نوێژی مزگەوت بانگی کرد لە نوێژ خوێنەکان هەتاکو نوێژی مردوو بۆ ئەو ئافرەتە ئیسلامە بکەن ، زۆربەی نوێژ خوێنەکان ئامادە بوون ، ژمارەیەکیان بە سەردانی مەزاری ( شێخ عبدالقادر گەیلانیە ) وە خەریك بوون ، ژمارەیەکیش تەسبیحاتیان دەکرد ، هەرچەندە نوێژی مردوو لەسەر هەمو زیندویەك پێویستە ، نوێژی مردوو یەکێکە لە مافەکانی مردوو بەسەر زیندوەوە ، لەو کاتەدا پێش نوێژ نوێژخوێنەکانی ڕێك دەخست بۆ نوێژی مردوەکە ، لە دڵی خۆمدا دەمگوت ، خەوەکەی ئەم خودا لێ خۆشبووە بەدی هات ، کە لەخەویدا ( شێخ عبدالقادری گەیلانی ) بانگی کرد بێتە

تەنیشتیەوە ، ئەوە لە تەنیشتیەوە نرایە گۆڕ ، ئەی دەبێ جێگەی ( أبو أيوب الأنصاري ) لە کوێ بێت ؟ لە پڕێکدا دوو ماشێنی گەورە وەستان ، هەر یەکێکیان سی دانە حاجی تێدا بوو خەڵکی ( تورکیا ) بون ، پیادە بون و بەپەلە ڕۆیشتنە ژوری مزگەوتەکەوە ، چاویان کەوت بە کۆمەڵێك خەڵك نوێژیان دەکرد لەسەر خودا لێخۆشبو ، بە گورجی پەیوەندیان کرد پێیانەوە و بەشداریان کرد لە نوێژی مردوەکەدا ، لە دوای تەواو بونی نوێژەکە کۆ بونەوە ، پرسیان کێ خاوەنی ئەم مردوەیە ، نوێژگەران کەسیان زمانی تورکیان نەدەزانی ، جگە لە پیاوەکەی هەموویان ڕوویان لێی کرد و یەك بە یەك سەرە خۆشیان لێی دەکرد ، یەکێکیان دەی وت من لە ( ئەستەنبوڵ ) وە هاتومە ، ئەوەی دیکەشیان هەروەها ، یەکێکی

دیکەیان وتی من پێش نوێژی مزگەوتی ( أبو أیوب الأنصاری )م ئەوی تر دەیوت من وتار بێژی ئەویم ! ، زۆر بە سەر سوڕمانەوە سەیری ڕوودانی جێ بەجێ بونی ئەو خەونە ڕاستیەم دەکرد کە سەد لە سەد جێ بەجێ بو ، ئەوەی زۆرتر سەرسامی کردم ، ئەو کاتەی تەرمەکەیمان هەڵگرت بۆ ناو گۆڕەکەی ، سەیرمکرد گۆڕەکەی زۆر نزیکە لە گۆڕەکەی ( شێخ عبدالقادر گەیلانی ) یەوە ، لە نێوانیاندا تەنها بەلا دیوارێکە ، دەنگی بانگ دەری نوێژی خەوتنان بەرزەوە بو ، خەڵکەکە هێشتا خەریك بون خۆڵیان دەکردە بان گۆڕەکەدا ، نمە نمە باران دەستی پێکرد ، بەزەی یەزدان لە ئاسمانەوە پرژا بەسەر گۆڕەکەیدا ، من گوێم دەگرت لە وشەکانی بانگ دەر ، هەر لەم کاتەیشدا بارانەکە زیاتر دەبوو ، بەزەی و فەڕی دەڕژان

بەسەر گۆڕی ئەو ژنە خاوەن باوەڕەدا ، لەو کاتەدا دەستی پیاوەکەیم گرت و دەسمان کرد بە گەڕان بەناو گۆڕەکاندا ، هەتاکو لە شاری مردوان دەرچوین ، بەرەو شاری ژیان ، ڕۆیشتینە ژوری مزگەوتی ( شێخ عبدالقادر گەیلانی ) یەوە بۆ ئەوەی نوێژی خەوتن لەگەڵ نوێژگەران و پیاو چاکاندا بەکۆمەڵ بکەین، لەدوای نوێژ گەڕاینەوە بۆ ماڵیان، دوای ئەوەی کەمێ پشوماندا گەڕامەوە بۆ ماڵی خۆمان، ئەو خەوە ڕاستیەی هەر بە بیرمدا هاتوو چۆی دەکرد، بە خۆمم دەگوت، ئایا دەبێت خەو بەم شێوەیە بە ئەنجام بگات، لە شێوەی شتێکی ڕاست و ئاشکرا کراو، لە دوای دوو ڕۆژ بە سەر چونی مردنەکەی، کۆمەڵێك خەڵك لە ( ئەستەنبوڵ ) ەوە هاتن بۆ بەغدا، لە حاجیە تورکەکان کە پێك هاتبون لە ( موفتی

ئەستەنبوڵ ) لوایەکی خانەنشین و پزیشکێکی گەورە و بازرگانێکی ناسراو، سەردانی پیاوەکەیان کرد، نیگەرانی خۆیان دەربڕی و سەرەخۆشیان لێی کرد، جارێکی تر دەڵێم، ئایا ئەم هەمو ڕوداوانە کە ڕوویاندا هەمویان هەر لە ناکاودا بون، یان تەنها ڕێکەوتە .

## (پاشکۆی خەونە ڕاستیەکە)

پیاوی خاوەن خەونە ڕاستیەکە لە دوای خۆی بەبێخاوەن و هەتیو مایەوە ، هەرچەندە لە زماندا بە هەتیو ناژمێردرێت، بەڵام بە ڕەوش و ماناکەی بەتەواوی بەسەریدا دەسپێندرا، هەرکەسێك سەیری بکردایە دەیبینی لە یەکێك لە گۆشەکانی ماڵەکەیدا گلۆڵە بوە، بەدەم ئازارەکانیەوە دەتلێتەوە، مرۆڤ

ئەیتوانی بڵێت ، هەتیو هەر ئەو مناڵە نیە
کە باوك و دایکی لەدەس داوە یان
یەکێکیانی بزر کردوە ئەو پیاوە پیرە کە
ژنەکەی دەمرێت هەر بە هەتیو
دەژمێردرێت، مردنی ژنەکەی کاریگەریەکی
زۆری کردە سەر تەندروستی لەشی، لە
شێوەی خانویەکی کۆن بە چی جۆرێك
دەڕوخێت هەر بەو جۆرە ڕووخا، هەمو جۆرە
نەخۆشیەك لێی کۆ بوەوە، نەخۆشیەکان بە
هەمیشەیی سەردانیان دەکرد، تاکە تاکە
یان بە کۆمەڵ، ڕۆژێك لێی دور
نەدەکەوتنەوە پشویەك بدا، کۆچ کردنی
خێزانەکەی کارێکی زۆری کردە سەر
کۆئەندامی لەش و تەمەنی، بە دەیان ساڵ
لە تەمەنی کەم کردەوە ، ئەو کەسەی بزر
کردبو کە لە ژیانیدا هاوڕێی بو ، دڵی شاد
دەکرد ، هەستی بە تەنهای دەکرد دوای

ئەوەی ئارامی لەدەست چو بو لە کۆمەڵدا ، بە زۆری سەردانیم دەکرد ، پرسیاری تەندروستیم دەکرد ، لەگەڵیدا کەمێك ڕام دەبوارد هەنێك لە تەم و مژەکانی ناو دڵیم دەڕەواندەوە ، جار جارێك دەمتوانی دڵی شاد بکەم و جار جارێك سەرکەوتنم بەدەست نەدەهێنا ، ئەو کاتانەی لە تەکیدا دادەنیشتم و ئەم دواند ، هەستم دەکرد تەمو مژەکانی ناخی لە شێوەی چیاکانە و زۆر گرانە ، لە توانای ئەودا نیە هەڵیان بگرێت ، هەستم دەکرد ئەوەندە گرانن لە توانای ئادە میزاد زیاترن ، زۆر دەترسام بە داخەوە بمرێت ، هیچ لە بیرم ناچێتەوە ، ڕۆژێك لە ڕۆژەکانی زستانێکی زۆر ساردا سەردانیم کرد ، باران لەسەد دەباری ، بایەکی زۆر بەهێز هەڵی کردبو ، لە شێوەی دەنگی تۆپ دەی نالآند ، ناخم زۆر پاڵی پێمەوە دەنا زوو بگەمە لای ،

هاوڕێ و هاوسیەکەم ماشینی هەبو لە تەك خۆمدا بردم ، لە ڕێگە ماشێنەکەی لێدە خوڕی باسی گەڕەکی ( الیرموك ) و نزیك دووری ( الاعظمیة ) ی بۆم دەکرد ، بۆم نەدەکرا گوێ لە وتەکانی بگرم لە گەڵیدا نەدەدوام ، لەبەر ئەوەی زۆر بیرم لە لای هاوڕێ بە تەنها نەخۆشەکەم بو ، ئەم دنیایەم لە یاد نەما بو ، تەنها بیرم لە تەنهای و تەندروستی و بێکەسی ئەو دەکردەوە ، هیچ لە یادم ناچێتەوە کە چوینە ژورەکەیەوە بینیم لەسەر زەوی بە دەمدا کەوتبو ، ژورەکەیشی لەبەر دوکەڵ تاریك ببو ، لە سۆبە نەوتیەکەوە بەرز دەبوەوە ، پەنجەرەکانی ژورەکەی داخرابون ، ئەو پیاوە پیرە نەخۆشە زۆر بە توندی دەکۆکی زۆری نەمابو بخنکێ ،فرمێسك لە چاوەکانی دەباری هەروەکو پێشبڕکێ

لەگەڵ بارانە بەهێزەکەدا بکات ، بەپەلە سۆبەکەم دەرکردە دەرەوە ، پەنجەرە و دەرگاکەم کردەوە ، لەگەڵ هاوڕێکەمدا ئەو پیاوە پیرەمان هەڵگرت خستمانە سەر جێگەکەی ، باوەڕم نەدەکرد ژیانی تێدا مابێت ، ماوەی یەك کاتژمێر لە تەنیشتیەوەماینەوە ، بەو شێوە فریاکەوتنەی لە سەربازیەوە فێری ببوم هەنێك فریاکەوتنم بۆی کرد ، کەمێك هۆشی هاتەوە ، لە ئەنجامدا هاتە گفتار ، وتی خەریکی سۆبەکە بوم دووکەڵی دەکرد ، خۆم دابو بەسەر دار گۆچانەکەمدا هەڵبسم ، نەمتوانی کەوتم بەسەر لایەکی سۆبە کەدا ، سۆبەکە لەرزیەوە و دوکەڵەکەی زۆرتر بوو ، ئیتر نەم توانیوە هەڵسمەوە ، زۆر سوپاسی یەزدانم کرد کە توانیم لەم ڕۆژە زستانەدا بەم رهێڵە بارانە لە ماڵ دەربچم و

بگەمە لای ئەم پیاوە نەخۆشە ، هەرچەند تەمەن بەدەستی یەزدانە ، ئەگەر فریای نەکەوتایەم دور نەبو بمردایە ، هەر بەو جۆرە مایەوە لە شێوەی ئەو کەسانەی بڕیاری مردنیان دەدرێت کە لەسەرخۆ بمرن ، ئەو پیاوە پیرە بە تەنها لە تەك کچەکەیدا دەژیا کە هێشتا شوی نەکردبو ، فەرمانبەر بو لە یەکێك لە دەزگاکانی میریدا ، بەیانیان دەڕۆیشت بۆ کارەکەی ئێوارە دەگەڕایەوە لە ماڵە کەیاندا کارەکەرێکی ئافرەت هەبوو ، خاوەنی ماڵ و مناڵ و مێرد بوو ، ژمارەیەك مناڵی گەورە و بچوکی هەبوو ، کەسێ نەبو چاودێری ئەو کارە کەرە بکات لە دوای مردنی ژنی خاوەن ماڵ ، کارە کەرەکەیش بە هەوەسی خۆی هەرکاتێك بهاتایە دەهات و هەرکاتێك بڕۆشتایەوە دەڕۆیشت ، ئەوەی خۆی بیویستایە دەیکرد ،

لە ویژدانی خۆی زیاتر کەس نەبو چاودێری نەدەکرد ، وادیار بو ئەویش مردبو ، یان لە مۆڵەتێکی هەمیشەیدا بو کە کۆتای نەدەهات ، ئەو پیاوە پیرە لە ژیانێکی زۆر سەختدا دەژیا کە هیچ بەرگەی نە دەگرت ، دەبو چارە سەرێکی بۆ بدۆزرێتەوە ، بە پێچەوانەوە بە داخەوە دەمرد و دەگەڕایەوە بۆ لای یەزدان ، ژیان ئەگەر هۆکارەکانی پیری و نەخۆشی کاری تێکرد بە ژیان ناژمێر درێت ، هەموی دەبێت بە ئەشکەنجە و کەمێك لە مردن چاکترە ، بۆ چارەسەر کردنی کێشەی ئەم پیاوە پیرە نەخۆشە ئەوە بو سەر لەنوێ ژنێکی دیکە بخوازێت ، لە تەنیشتیەوە ژنێك هەبێت زەحمەتەکانی ژیان بهاوێتە سەر شانی خۆی ، ئەم کێشەیەم لەگەڵ کەسەکانیدا چەند جارێك باس کرد ، گفتو گۆکردنەکانم لە تەکیاندا

دەگەیشت بە خاڵێکی داخراو ، زۆر پێویستی بە ژنێك هەبو شەو و ڕۆژ لێی جیا نەبێتەوە ئەو ژنەش نابێت ئەگەر ژنی خۆی نەبێت ، هەمو ژنێکیش بەکاری نایەت ئەگەر ئافرەتێکی کارامە و دڵسۆز نەبێت ، ئەو کێشەیەی ئەو بەدەستیەوە گیر مابو ، داوای لە هەمو لایەك دەکرد چارەسەری بۆ بدۆزرێتەوە ، کێشەکەی ڕوو بەڕووی دوو گرێ کوێرە دەبوەوە ، گرێ کوێرەی یەکەم ، بونی کچەکەی کە شوی نەکردوە و لە ماڵەکەیدا ، زۆر نیگەرانی دەردەخات ژنێك لە ماڵەکەدا هاوبەشی ببێتەوە و لە جێگەی دایکی دانیشێت ، ئەمەش کارێکی سروشتیە لە ئادەمیزادا ، زۆر بە ئاسانی ناتوانرێت سەرکەوین بەسەریدا ، گرێ کوێرەی دوەم کە لە یەکەمیان سەخت تر بو ، ڕازی کردنی ژنێکی کارامەی زیرەك بڕیار

بدات ببێت بە ژنی ، لەبەر ئەوەی پیاوەکە ، پیاوێکی پیری نەخۆشی بە ساڵا چوە ، خاوەنی ژمارەیەك نەخۆشی جۆرا و جۆرە ، جگە لە موچەی خانە نشینیەکەی دەس هاتێکی دیکەی نیە ، ئەویش بە تەواوی بەشی دەرامەتی ژیانیانی نەدەکرد ئەگەر بە خۆ گرتنی نەبوایە ، لە هەمان کاتدا هەژارە و نە پارەی هەیە و نە خانو ، تەنها پارەیش دەتوانێ بوك پەیدا بکات ، ئەم پیاوەیش پارەی نیە و دەستی بەتاڵە و بگرە ژمارەیەکیش قەرزاری دۆستەکانی و خەڵکی دیکەیە ، ئایە کێ بێ بە پیاوێکی پیری پەك کەوتەی نەخۆش ڕازی بێت و ببێت بە پیاوی ، بڕیاری نوسراوی یەزدانی خۆی کرد بە ناو کێشەکەدا و لە کاتێکی گونجاودا ، چارەسەری کێشەی پیاوە پیرەکەی کرد ، بە هەڵسو کەوتێکی سەر سوڕ هێنەر ، پیاوە بە

سالاّ چوەکە کردبوی بە خوو ، بە زۆری بە تەلەفون پەیوەندی دەکرد بە دۆست و برادەرەکانیەوە ، ماوەیەك لە تەکیاندا دەدوا ، بۆ ئەوەی کەمێك تەنهای و تەمو مژەکانی ناخی بڕەوێنێتەوە ڕۆژێك لە خزمەتیدا دانیشتبوم بە تەلەفون لەگەڵ یەکێك لە هاوەڵەکانیدا دەدوا ، من نەم دەناسی ، ئافرەتێك وەلاّمی دایەوە ، داوای لێبوردنی لێی دەکرد ، براکەی لە ماڵەوە نیە ، تەلەفونەکەی داخست ، لە بارەی ئەو هاوەڵەیەوە دوا کە تەلەفونەکەی بۆی کرد ، و ئەو خوشکەی کە وەلاّمی دایەوە ، لێرەدا زانیم ئەو ئافرەتە کچە ، کچێکی زۆر خاوەن باوەڕ و ئاین پەرستە ، لە خێزانێکی ناسراوی پەرستیار و ڕاستە ، بە پیاوە پیرەکەم وت ، بۆچی مارەی ناکەیت ؟ ، دەنگێکی کزی لە قوڕگیەوە دەرکرد و بێدەنگ بو ، هەر وەکو

بڵێت حەز دەکات و توانای نیە ، زۆر لە تەکیدا دانیشتم ، دوو بارە تەلەفونەکەی هەڵگرت و تەلەفونی کرد بۆ ئەو هاوڕێیەی ، دوو بارە خوشکەکەی وەڵامی دایەوە هێشتا هاوڕێکەی نەگەڕابوەوە بۆ ماڵ ، تەلەفونەکەم لە دەستی ڕفاند و کەوتمە دواندنی کچەکە ، وتم ، من فلانم ، خۆم پێی ناساند ، ناسیمی و دڵشادی دەربڕی ، وتم بۆچی شو ناکەیت بەم پیاوە ؟ وەڵامی نەدایەوە و دەستی بە گریان کرد و تەلەفونەکەی داخست ، من دان بەوەدا دەنێم ئەم تەلەفون کردنەم بۆ ئەو کچە لە ژێر دەسەلاتی خۆمدا نەبوو ، کاتێ گوێم لە گریانی بو لە وتە سەر پایەکەی خۆم زۆر پەشیمان بومەوە دڵیشم زۆر ئێشا ، سەر زەنشتی خۆم کرد لەم کردەوە هەڵەیە ویستم داوای لێبوردن لە پیاوەکە بکەم ، بە

پێچەوانەوە ئەو سوپاسمی کرد لەو دواندنەی لەگەڵ کچەکەدا دوابوم ، وتی ، ئەوەی تۆ پێت وت من دەمویست پێی بڵێم ، بەلاٌم لە ڕوم هەڵنەدەهات ، یەزدانی گەورە پاداشتی کردەوەکەتان بداتەوە ، لە ڕاستی کارەکە تێ نەگەیشتبووم ، وێنەکەیم بە تەواوی بۆ ڕونەوە نە ببو ، ڕوخسەتم لە پیاوە پیرەکە وەرگرت و گەڕامەوە بۆ ماڵ ، لە دوای چەند ڕۆژێك مارەی کچە پارێزراوەکە لە دادگای ئاینی لە پێش دادوەردا جێ بە جێ کرا و بو بە ژنی لەسەر بڕیار و ڕێگەی یەزدان و نێردراوەکەی ، هەر بەم شێوەیە بڕیاری یەزدانی گرێ کوێرەی دوەمیش کرایەوە کە بەڕاستی زۆر سەخت و دژوار بو ، گرێ کوێرەی یەکەم مایەوە ، ئەویش بونی کچەکەی پیاوە پیرەکەیە ، کە لەگەڵ باوکیدا دەژیا لە ماڵەکەدا ، ئەم گرێیە

وایکرد بەیەکەوە بەستنی ژنەکەی لە یەك ماڵدا زۆر گران بێت ، دیسانەوە بڕیاری یەزدانی دوو بارە خۆی هاویشتە ناو کێشەکەوە و ئاسانکاری بۆی دروست کرد ، داخوازی گەر هات داوای کچەکەی پیاوەکەیان کرد ، بڕیار لەسەری درا و گوازرایەوە بۆ ماڵی پیاوەکەی ماڵی باوکی بەجێهێشت ، گواستیانەوە بۆ ماڵە تازەکەی ، ڕۆژی دوای بوکی پیاوە پیرەکەیش گوازرایەوە بۆ ماڵەکەی ، لەگەڵ هاوەڵەکانمدا ڕۆیشتین پیرۆزبای پێشکەش بە بوك و زاوای پیرە پیاو بکەین ، گوێمان لە وشەیەکی سەر سوڕهێنەر بو ، بوکەکە وتی ، لە پێش چەند ساڵێك چاوی بە ( شێخ حڕانی ) کەوتوە ، خودا لێی ڕازی بێت ، ئەو کاتە لە تورکیا دەژیا ، فەرموی ئەگەر هاتو هەرکاتێك ئەو پیاوە داواتی کرد شووی

پێبکە !! ئەو کاتە خێزانی یەکەمی پیاوەکە خاوەنی خەونە ڕاستیەکە مابو تەندروستی زۆر چاك بو ، ژنی یەکەمی مرد ، پیاوەکە بە تەنیا و سەرگەردانی مابوەوە ، زۆر پێویستی بە ژنێك هەبو جێگە و ڕێگەدار و ئاین پەرست بێت ، فەرمانی یەزدانی بو هێنامیە گوفتار وای لێم کرد بدوێم ، لەگەڵ کچەکەدا بە تەلەفونەکە و داخوازی بکەم بۆ پیاوەکە و دەستی کرد بە گریان ، کەتبوە بیری کە ( شێخی حەڕانی ) پێی ڕاگەیاندوە ئەگەر داواتی کرد شوی پێبکە ، یەزدان بە چی جۆرێك منی هێنایە گوفتار هەر ئەویش شێخی ( حەڕانی ) هێنابوە گوفتار ، تەنها فەرمان و بڕیارەکانی یەزدانیە دڵو دەرون و زمان دەجوڵێنێ ، هەرچی پەنهانیە لە زانیاریدا نیە هیچ کەسێك لە پەنهانی نازانێت تەنها یەزدانی پەنهانی زان نەبێت ، وا ئەمڕۆ

دڵی ئەو پیاوە پیرە پڕە لە خۆشی و کامەرانی ، شادی ماڵەکەی ئاوەدانەوە کردووە ، تەندروستی زۆر باش بوە ، لە بەری ژیانی خۆی دەخوات ، پیاوە پیرە وای لێهاتوە ، تەنها بە ئارامگری لە ماڵەوە ڕازی نابێت ، ژنەکەی شەو نخونی لەگەڵدا دەکات ، باوەڕی وایە پەرستیاری یەزدانە ، بەیەکەوە دەر دەچون بۆ سەردانی ئارامگەی پیاو چاکان لە ( سوریا ) بۆ ماڵی خودا بۆ عەمرە لە ( سعودیە ) دەڕۆیشتن بۆ گەشت و گوزار لە هاوینە هەوارەکانی ( تورکیا ) گوێم لە بوکەکە دەبوو لە ناو خەڵکدا دەیوت ، سوپاس بۆ یەزدان کە یارمەتیم دەدات بۆ خزمەتکردنی پیاوەکەم ، لەم جیهانەدا هیچ هیوایەکم نیە جگە لە ئاگادار بونم بۆ پشودانی پیاوەکەم ، سوپاس بۆ یەزدان ، ئایە !! لە توانای ئادەمیزادا هەیە کێشەی

ئەم پیاوە پیرە چارەسەر بکات و لەو دوو گرێ کوێرەیە ڕزگاری بکات کە ببون بە هۆی ئەوەی نەتوانێت ژن بهێنێت ، بەڵێ ، مرۆڤ بێدەسەڵاتە و بێدەسەڵات بوو هیچی بۆ نەکرا ، فەرمان و بڕیاری یەزدانی هاتە کایەوە بۆیە جێ بە جێ کرا !! .

# ((باوك خۆی كوشت))

بەبێ باوكی گەورە بوو ، ئەو كاتەی باوكی مرد تەمەنی ئەو گەیشتبوە دوانزە ساڵ ، دایكی بە خاوەنی كرد بە ئیشی كارەكەری لە ماڵە دراوسێكاندا ، هەتا بتوانێ پاش خوانی ماڵەكان كۆ بكاتەوە و بیهێنێتەوە بۆ ماڵ ورگی تێر بكات ، جلوبەرگی كۆنەی بۆ بهێنێتەوە پۆشتەی بكاتەوە ، بڕێك پارەی كەمیشی دەهێنایەوە بۆ ئەوەی بیدات بە كرێی ئەو ژورە كۆنە بە سالاَ چوەدا كە بە كرێی گرتبو لە یەكێك لە گەڕەكەكاندا ، دایكی زۆر شەكەت و ماندو ببو بە كار كردن لە ماڵە دراوسێكاندا ، سەر ئەنجام توشی نەخۆشی ( سیل و ئیسقا ) بو ، لە ژورەكەیدا كەوت ، لەبەر ئەوەی كەس نەبو چاودێری بكات و خواردن و خواردنەوەی

بداتێ ، بە ناچاری پەنای برد بۆ یەکێك لە نەخۆشخانەکانی میری ، لە نەخۆشخانە خواردن و خواردنەوە هەبو ، پەرستارەکانیش چاودێریان دەکرد ، لەبەر ئەوەی نەخۆشیەکەی زۆر گران بوو ، بەتەواوی کاری کردبوە سەر لەشی ، لەسەر باری ئەوەیشەوە دڵتەنگ و نا ئارام بو بۆ کوڕە بچوکەکەی کە لە ژورەکەدا بە تەنها بەجێی هێشتبو ، ئەم دایکە سەر لێشێواوە ، بەدەستی دوو نەخۆشیەوە دەیناڵاند ، نەخۆشیەك هەموو کۆئەندامە کانی لەشی دەڕوخان ، نەخۆشیەکیش باری دەرونی پڕ لە ئازار و ئەشکەنجەی دەهەژان ، دایك کۆچی کرد بۆ پەنای یەزدانەکەی ، کوڕەکەیش مایەوە لە شێوەی مرۆڤێکی بێپاشە ڕۆژ ، کوڕەکە وازی لە قوتابخانەکەی هێنا ، بە ناچاری دەستی کرد بە کار کردن ، بو بە

کرێکاری خانوبەرە دروست کردن ، بە کرێیەکی زۆر کەم کاری دەکرد ، پلە بە پلە مەشقی کرد لەسەر خانو دروستکردن ، لە دوای تێپەڕاندنی چەند ساڵێك ڕۆیشتە پاڵی ئەو کەسانەوە سەریان لە کاری خانو دروستکردن دەر دەچو ، باری ئابوری ژیانی چاك بو ، ژیانێکی زۆر خۆشی بەسەر دەبرد ، ڕۆژێ لە ڕۆژان بڕیاریدا ،ئەو نیوەی ئاینەکەی بە ژن خواستن تەواو بکات ، ڕۆیشتە پێشەوە داوای کچەکەی وەستاکەی خۆی کرد کە لە تەکیدا کاری دەکرد ، وەستاکەی بە داواکاری کوڕە شاگردەکەی خۆی ڕازی بوو ، بوك بۆ لای پیاوەکەی گوێزرایەوە ، ساڵان بەسەر چون ، بو بە خاوەنی ژن و مناڵ و خانویەکی کرێ ، ناسر ابە سەر دەرچو لە پیشەکەیدا ، بە دڵسۆز و ڕاست گۆی لە جێ بە جێ کردنی فەرمانەکەیدا ، خاوەن

کارەکان کۆ بونەوە لە سەری ، هەر حەوت ڕۆژەکانی هەفتە کاری دەکرد ، هیچ ڕۆژێ لە ڕۆژەکان ، یان کاتێك لە کاتەکان پشووی نەدەدا ، پێویستی سەر شانی بو هەموو ڕۆژێ کار بکات ، بۆ ئەوەی کرێی کار کردنەکەی بۆ ئەندامانی خێزانەکەی خەرج بکات ، کە هەموو دوو ساڵ جارێك لە زۆر بوندایە ، بەهۆی پەیدا بوونی لە دایك بونی منالێکی تازەوە ، زۆر پێی دادەگرت لەسەر فێر بونی خوێندن و زانیاری منالەکانی ، هەمو کاتێك بە ژنەکەی و بە منالەکانی دەگوت ، من لە ژیانی خۆمدا زۆر ماندوو بوم ، ئاواتە خوازم ، لە کاتی ژیانی خۆمدا و لە دوای کۆچ کردنیشم ئێوە لە کامەرانی و حەوانەوەدا بژین بە پشتیوانی یەزدان ، کوڕە گەورەکەی خوێندنی دانیشگەی تەواو کرد ، دامەزرا بە فەرمانبەری میری ، باوکی

تەمەنی گەیشتبووە پەنجا ساڵ ، هێشتا لە پیشەکەی خۆیدا کاری دەکرد ، ناوبانگی دەرکرد لە ناو کۆمەڵانی خەڵکدا ، بە گوێرەی زۆر بونی کزی و لاوازی لەشو لاری و زۆر بونی نەخۆشی و ئازارەکانی کۆ ئەندامی لەش ، کوڕەکەی کچێکی مارە کرد لە دانیشگە بەیەکەوە دەیان خوێند ، کچە پەیمانی لە تەکدا بەست ، پێویستە پێش گواستنەوەی لە ماڵی باوکیەوە بگوازێتەوە ، خانویەك بە کرێ بگرێت ، باوکی و دایکی لە ماڵەکەی خۆیاندا بەجێ بهێڵێت ، ماشێنێکی نوێ بکڕێت خانوەکەی پڕ بکات لە پێویستیەکانی ناو ماڵ لە چاکترین و جوانترین کەلو پەلی ناوماڵ ، لە چاکترین ئامێرە کارەباییەکانی پێویستی ناوماڵ ، کوڕەکە گوێڕایەڵی فەرمانەکانی دەزگیرانەکەی بو، لەبەر ئەوەی دانشگەی

تەواو کردوە، لە خێزانێکی دەوڵەمەندی ناسراوە، پێویستە فەرمایشتەکانی بەبێ لێدوان و ڕێگە لێگرتن جێبەجێیان بکات، کوڕە بەجارێ کەوتە ژێر باری گرانی قەرزاریەوە، سەرەڕای ئەم قەرزاریەش، پێویستە کرێ خانو و ئاو و کارەبا و تەلەفون و مانگانەی جوتیاری باخچەکەیانیش بدات ، باری دارای بە جارێك کەوتە هەژان ، پێویست بو کارێك بکات ئەم هەمو بارە گرانانە لەسەر شانی کەم بکاتەوە ، باوکی زۆر بەهیوا بو ئەگەر بتوانێت بڕێك لە قەرزەکانی بۆ بداتەوە کە لەسەری کۆمەڵەیان کردوە ، لە ڕاستیدا باوکی نەی دەتوانی بەم کارە هەڵسێ لەبەر ئەوەی بەر پرس بو لە بەڕێوە بردنی ماڵ و مناڵ ، کە هێشتا لە قوتابخانە و خوێندنگەکان دەیان خوێند ، نەی دەتوانی بە پارە یارمەتی

کوڕەکەی بدات ، لە ناو دڵیدا تەمو مژی کوڕەکەی دوو چەندانە هاتو چۆیان دەکرد ، لە لایەکەوە هەستی باوکایەتی ، لە لایەکی دیکەوە کە نەی دەتوانی یارمەتی بکات ، ژنی کوڕەکە دەرچوی دانیشگەیە موچەکەی بەشی خۆی نەدەکرد بۆ کڕینی جلو بەرگ و پێویستیەکانی خۆ جوانکردن و سەردانی برادەرانی و چونە ئاهەنگەکانی ڕابواردن ، هەمیشە پشتی بە پیاوەکەی دەبەست بۆ جێ بە جێ کردنی ئەو پێداویستیانەی کە گەورە بون ، ئەمەیش لە پێناو ئەوەدا شێوەن ڕوخساری بە جوانی و پەسەندکراوی وەدەر بکەوێت ، لەبەر ئەوەی خۆی بە ڕۆشن بیر و لە دەرچوانی دانشگە دەزانی ، کوڕەکە پارچەیەك زەوی بە ناویەوە نوسرا لە لایەن ئەو وەزارەتەوە کە کاری تێدا دەکرد بە پارەیەکی زۆر کەم ،

باوکی خۆی بەخشی بۆ ئەوەی خانویەکی لەسەر ئەو پارچە زەویە بۆ دروست بکات ، کڕینی پێویستیەکانی دروست کردنیشی خستە ئەستۆی خۆی ، دەستی کرد بە دروستکردنی ، کەمە کەمە خانوەکەی بەرزەوە کرد ، بۆ ماوەی دوو ساڵ لە دروستکردنی بوەوە ، یەکەم پەیمانێك کە باوکی لە کوڕەکەی وەرگرتبو دەبێت لەگەڵ کوڕەکەیدا بەیەکەوە لەناو خانوە نوێیەکەدا دانیشن ، لەو کاتەدا کوڕ و کچەکانیان خوێندنیان تەواو کردبو ، کوڕەکان دامەزرا بون و بون بە فەرمانبەرانی میری ، کچەکانیش مێردیان کردبو ، لە خانوەکەیاندا کەس نەمایەوە ، جگە لە خۆی و پیرە ژنەکەی ، لە پڕێکدا پیرە ژنەکەی دایك منداڵەکان مرد ، باوکی بە تەنها مایەوە ، کوڕەکەماڵەکەی بۆ خانوە

نوێیەکە گواستەوە ، باوکیشی لە تەکیا ڕۆیشت ئەو کاتە تەمەنی گەیشتبوە شەست ساڵ ، دەرد و ئازار و نەخۆشی سەریان تێی کردبو ، بە یەکجاری پەکی کەوتبو لە کارەکانی لە پیشەی خانو دروستکردن ، سەرەتای ئاژاوەی کوڕەکە لێرەوە دەستی پێکرد لەگەڵ باوکە پیرە لەکار کەوتوەکەیدا ، ئەو ئاژاوەیە ڕۆژانە لە پەرەسەندندا بو ، بە جۆرێك وەهای لێهات ژیان لەو ماڵەدا بەسەر نەدە برا ، ژنی کوڕەکە نارەزای دەر دەبڕی بۆ ئەوەی باوکی کوڕەکە لە تەکیاندا دەژێت ، جارێ دەیوت ، دەست دەخاتە ژیانی تایبەتیمەوە ، یان دەیوت ، ناتوانێت خزمەتی بکات ، گومانی دەدایە پاڵی ، دەیوت ، دەبێت ، بەهۆی گواستنەوەی نەخۆشی بۆ مناڵەکانم ، گومانی دەخستە سەری دەیوت ،

پێویستیەکانی تامی ژیان نازانێت ، بە هیچ جۆرێك خۆی پەیوەست ناکات بەو داب و نەریتانەی لە کۆمەڵگەی پێش کەوتوەکاندا هەیە ، لە ئەنجامدا لە شێوەی ( بورکان )ە تەقیوەکاندا بە ڕووی پیاوەکەیدا تەقیەوە ، وتی یان باوکت لەمماڵەدا دەبێت ، یان من ؟؟ کامەیان بەلاتەوە چاکە هەڵبژێرە ، باوك کوڕەکە خانوەکەی بۆ ماوەی دوو ساڵ تەواو کرد ، ئەگەر سەرمایە بە دەستیەوە هەبوایە ، دەیتوانی بۆ ماوەی دوو مانگ تەواوی بکات ،هەموو ڕۆژێك لە ماڵی خاوەن کارەکاندا کاری دەکرد ، لە دوای تەواو بوونی کاتی کارەکەی ، کەمێك پشوی دەدا و دوو بارە دەستی بە کار دەکردەوە بە کار کردن بۆ کاری دوو بارەی تازەی خۆی ئەو کرێکارانەی لە تەکیدا خۆبەخشیان دەکرد بۆ کاری دووبارە ، ئامانجی لەم

کارەدا ئەوە بو برێ پارە کۆ بکاتەوە لە دروست کردنی خانوی کوڕەکەیدا ، بەکاریان بهێنێت ، بە ئارەقی ناو چاوانی خۆی ، هەر کە ڕۆژانی هەینی بهاتایە بەیانیان زوو دەڕۆیشت بۆ دروستکردنی خانوی کوڕەکەی ، هەمو ئەو کرێکارانەی لە تەکیدا بە ڕۆژ کاریان دەکرد لەگەڵ خۆیدا دەیانی برد بۆ کار کردن ، ڕۆژانی هەینی بەیانی زوو دەستی بە کارکردن دەکرد هەتاکو سەرەتای دەس پێکردنی شەو ، زۆربەی کرێکارەکان وازیان لە کرێکانیان دەهێنا دەیان بەخشی بە وەستاکەیان ، لەبەر ئەوەی سەرۆکیانە لە کارەکەیاندا ، ماموەستایانە لە پیشە کەیاندا ، باوکیان بو لە ڕاهێناندا ، بۆ فێر بونیان لە کاری خانو سازیدا ، باوکی ئەگەر توشی هەڵامەت و سەر ئێشەش ببوایە پشوی

نەدەدا و وازی لە کارەکەی نەدەهێنا ، باوکی لە کاتی دروستکردنی خانوەکەیدا کەمێکی لە خەرجی خێزانەکەی دەگرتەوە بۆ ئەوەی لە دروست کردنی خانوەکانی خاوەن کارەکاندا زیاد دەبو دەمایەوە بە بێ پارە دەیاندایە هەتا لە دروست کردنی خانوەکەدا بەکاریان بهێنێت ئەمەیش تەنها لە پێناوی ڕێز لێگرتنیدا بو ، بەهەر جۆرێك بو ، باوکی توانی خانوەکە بۆ کوڕەکەی بە ئارەقی ناوچاوانی خۆی دروست بکات ، بە بژێوی و تەندروستی و خواردن و خواردنەوە و جلو بەرگی خۆی و ئەوانەیش لە تەکیدا کاریان دەکرد و بەر پرسیار بو لێیان ، ئەو کاتەی لە خانوە تازەکەدا جێنشین بو نەخۆش کەوت ، گیر و گرفت لەگەڵ بوکەکەیدا دەستی پێکرد ، بوکەکەی هەوڵی دەدا کشو نمای

خانوەکەی بۆ چۆڵ بکرێت هەتا سەربەخۆ خۆی بە تەواوی بەدەسی بهێنێت ، بە گوێرەی ویستەکانی خۆی لە ناوە و لە دەرەوەی ماڵەکەیدا هەڵسو کەوت بە هەوەسی خۆی بکات ، خواردنەکانی باوکی کوڕەکە تەنها لە پاشماوەی خواردنەکانی خۆیان و مناڵەکانی بو ، بە تەنها لە ژورە تایبەتیەکەی خۆیدا پاشخوانەکانی دەخوارد ، لە دوای ئەوەی کوڕەکەی و بوکەکەی و مناڵەکانیان نانیان دەخوارد پاشماوەی خواردنەکەیان دەدایە باوکی ، لەو ڕۆژەوە لەو خانوەدا جێگیر بو ، لەو خانوەدا کەس جلەکانی نەشۆری ، لە دەرەوەی ماڵەکەیاندا پیرە ژنێك هەبو بە کرێ جلو بەرگی بۆ خەڵکی دەشۆری ، لە مانگی جارێك کوڕەکە جلەکانی باوکی دەدایە بۆیانی دەشۆری ، جێگەی نوستنەکەی هەر لە جێگەی خۆیدا

مایەوە لەو ڕۆژەوە لەو خانوەدا جێگیر بون ، هیچ گۆڕنکاریەکی بەسەردا نەهات ، خاوێن نەکرایەوە ، ژورەکەیشی هەر بەو جۆرە بو ، کوڕەکەی سەردانی نەدەکرد جگە لەو کاتانەی پاشخوانەکەی خۆی و مناڵەکانی بۆی دەبرد ، پاشماوەی پاشخوانەکە هەر لە بەردەمیدا دەمایەوە هەتاکو پاشخوانێکی دیکە ، ژنەکەی و مناڵەکانی قێزیان لێی دەکردەوە قاپەکانی هەڵبگرن و خاوێنی بکەنەوە ، پاشخوانی بەیانیان و نیوەڕوان و ئێوارانیان بۆی دەبرد ، ئەگەر باوکی حەزی لە خواردنێك ببوایە داوای لە کوڕەکانی بکردایە ، کوڕەکەی ئەیشاخاند بە سەریا و دەیوت ، هەر ئەم خواردنە ئامادە کراوە ، ئێرە چێشتخانەکان نیە هەرچیت حەز لێکرد بۆتی ئامادە بکەن ، ئەگەر نەخۆشیەکەی کاری تێ بکردایە بەهێز بوایە ، داوای لە

کوڕەکەی بکردایە بیبات بۆ لای پزیشك یا پزیشکێك بهێنێتە سەری ، بەپەلە و هەڵەشایەوە هاواری بەسەردا دەکرد و دەیوت ، پزیشك ئیتر چی لە تۆ بکات ، بوکەکەی هیچ کاتێك نە دەچوە ژورەکەیەوە لە کاتی نەخۆشیدا سەردانی نەدەکرد ، بەهیچ جۆرێك بێزی نەدەهات لە تەکیدا بدوێت ، نەی دەهێشت منداڵەکانی سەردانی باوە گەورەیان بکەن ، یان بڕۆنە ژورەکەیەوە ، کوڕەکە چوە ژورەکەی باوکیەوە بۆ ئەوەی دەری بکات لە ماڵەکەی ، بۆ ئەوەی مەرامی دڵی ژنەکەی بەجێ بهێنێت ، بۆ ئەوەی ژنەکەی پەشیمان بکاتەوە کە بەجێی نەهێڵێت و لە ماڵ دەر نەچێت و بڕوات ، ئەو کاتەی کوڕەکە چوە ژورەکەی باوکیەوە کاتژمێر چواری دوای نوێژی عەسر بو ، لە ڕۆژێکی باراناوی و

سەرمایەکی زۆر بەهێز و ڕۆژانی سەختی زستان بو ، باوکە پیرەکە نەخۆشیەکەی زۆر گران بو ، کۆکەیەکی زۆر سەختی گرتبو ، نەخۆشی تەنگە نەفەسی قوڕ قوڕاگەی تاساندبو ، نەخۆشی شەکرە و پاڵەپەستۆی خوێن و هەڵامەت بەیەکەوە سەریان لێی کردبو ، کوڕەکە لەگەڵ باوکیا نەهاتە گفتار ، نەوایەوە بۆ نوێنە چڵکنە دڕاوە پیسە ڕزاوەکانی ، باوکی پێی پێچایەوە ، پاشان باوکی بە نوێنەکانیەوە ڕاکێشا ، باوکی دەستی کرد بە گریان ، کوڕەکە ڕای کێشا بۆ شەقامەکەی پێش ماڵ خۆیان ، دەستی کرد بە لێدانی و لەقە پێدا کێشانی ، نوێنەکان و باوکە پیرە نەخۆشەکەی لەسەر شەقامەکەدا مایەوە ، سەرما زۆر بەهێزە و بارانیش لە سەد دەبارێت ، کوڕەکە گەڕایەوە بۆ ماڵ ، دەرگەکەی داخست ،

ڕۆیشتە پاڵ سۆبەکەوە دانیشت ، لە شێوەی پیاوێك سەرکەوتنێکی گەورە بەدەست هێنابێت ، لە جەنگێکی زۆر گەورەدا ، ژنەکەیش بۆی پێدەکەنی لە شێوەی ئەوەی پیاوەکەی پاڵەوانیەکی گەورەی کردبێت و هانی دەدا ، چایەکی پێشکەشی کرد ، لە تۆڵەی فڕێدانی باوکیدا ، هاتو چۆ گەرانی شەقامەکە لە دەوری نوێنە تەڕ بوەکە کۆ بونەوە کە بەو بارانە زۆرە تەڕببو ، نوێنەکانیان پشکنی و کردیانەوە ، بینیان پیاوە پیرەکە مردوە لە دوو توێی نوێنە ڕزیوەکەدا ، لەو کاتەدا دەستەیەك لە دەستەکانی پۆلیس ئامادە بون لە بان ڕووداوەکە ، چاویان کەوت بە مردوەکە خوێن لە دەمیەوە ڕێ دەکات ، سەری لە نێو جێگەکەدا وشك و ڕەق بوە ، کوڕکە گیرا و درایە دادگە ، بە تاوانی ئەوەی ( باوك خۆی

کوشتوە ) بڕیاری بەند کردنی هەتا هەتای بۆ دەرچو ، ژنەکەیش گەڕایەوە بۆ ماڵ باوکی لەگەڵ مناڵەکانیدا ، خانوەکە بە چۆڵی مایەوە ، بەپەلە خانوەکەی دا بە کرێ، کوڕەکە پانزە ساڵ ڕەبەقی لە بەندیخانە بەسەر برد ، لە ساڵێکدا یەك دوو جار ژنەکەی سەردانێکی دەکرد ، فەرمانی لێبوردن دەرچو لە یەکێك لە بۆنە ڕامیاریەکاندا ، بەڕێوەبەری بەندیخانە هەواڵی دا بە ژنەکەی کە بەیانی پیاوەکەی لە بەندیخانە ئازاد دەکرێت ، ڕۆژی ئایندە ژنەکەی و کوڕەکەی کە ببو بە فەرمانبەری میری ، ڕۆیشتن بۆ بەندیخانە ، کوڕەکە ماشێنەکەی لێدەخوڕی ، کوڕەکەی و ژنەکەی بە ماشێنەکەیان هاتن و ئامادە بون ، کوڕەکەی لە دورەوە دەستی بەرزەوە دەکرد لە باوکی ، بۆ دەربڕینی شادمانی

کاتێ باوکی لە دەرگەی بەندیخانەکە بەدی کرا ، باوکی لە دەرگەی بەندیخانەکەوە دەرچو وەك ئەوان دەستی بەرز دەکردەوە ، پیاوەکە پەلەی دەکرد زوو بگاتە ژنەکەی و کوڕەکەی ، کوڕەکەیشی بە ماشێنەکەی پەلەی دەکرد زو بگاتە باوکی ، بە جولاّنەوەیەك کە بەدەستی خۆی نەبو کوڕەکە بە ماشێنەکەی زۆر بە توندی دای لە باوکی ، باوکی کەوتە سەر زەوی ، کوڕەکە زۆر شڵەژا ، لەجیاتی ئەوەی ( برێك ) بگرێت ، پاینا بە ( سکلێتی ) بەنزیندا ، ماشێنەکە هێرشی کرد و بەسەر لاشەی باوکیدا تێپەڕی کرد ، کوڕەکە لە ماشێنەکە دابەزی ، بینی باوکی لە دوا گیان کێشاندایە ، خوێن لە سەری و لە دەمیەوە هەڵدەقوڵێ ، کوڕەکەیشی ئەوی کوشت لە دەمو لە سەریەوە هەڵدەقولاّ ، خاوەن و پاشای سەر

زەوی لە بەندیخانەکەی ئازادی کرد ، خاوەن و پاشای ئاسمان گەڕانیەوە بۆ بەندیخانەی هەمیشەی و هەتا هەتای لە نێو گۆڕەکەیدا ، ژنەکە خۆی بە ڕۆشنبیر و دەرچوی دانشگە دەزانی ، بو بە بێوە ژن هەتاکو ئەو لە بەندیخانەدا بو ، لە دوای مردنەکەیشی هەر بە بێوە ژنی مایەوە هەتا هەتایە ، ماڵەکەیشی چۆڵ بو لە دانیشتوەکانی چاوەڕوانی ئەوە بون لە بەندیخانە ئازاد بکرێت ، ئەوەتا هەتاکو ئەمڕۆش هەر بە چۆڵی ماوەتەوە ، نە خاوەنەکانی گەڕانەوە ناوی کەتێیدا جێگیربن و نەدرایە کرێش ، هیچ کەسێك نایەوێت تێیدا دانیشێت ، جگە لە خاوەنەکەی خۆی ، لەبەر ئەوەی دەڵێن ، بەدیومە بۆ هەرکەسێك تێیدا دانیشێت ، ئەوا ماوەی بیست ساڵ بەسەر چۆڵ بونیدا بەسەر چو ، هەمیشە نا لەبارە و دەم بەرەو

خوارە ، نە دەفرۆشرێت و نە کەسێکیش بە کرێی دەگرێ ، بوە بە کەلاوە کەس ناچێتە ناویەوە ، مرۆڤێکیش نیە نوێ ژەنی بکاتەوە ، ئەو خانوە بو بە ئارامگای (پەپوە ) کان ، ئێستا پەپو تێیدا دەخوێنێ ، لە شێوەی نکە و نزرەی پیاوە پیرەکە ، بە یادی دەرهاوسێکانی بهێننەوە ، دۆزەخ ، بۆ ئەو کەسە بۆ ئازار و ئەشکەنجەدان بەرامبەر باوك و دایکی ڕادەوەستێت !!!

# ((داوات و مێوانداری قەندەهاری))

دوو هاوەڵی زۆر خۆشەویستی یەکتر هەبون ، یەکەمیان بازرگانێك بو لە شاری ( کابل ) ئەوەی دیکەیان بازرگانێك بو لە شاری ( قەندەهار ) نێوانیان بە سەودا و بازرگانی و سەرمایەداری بەیەکەوە گرێ درا بو ، لە نێو کۆمەڵانی خەڵکدا ، هەمیشە ئاماژەیان بۆ یەك دەکرد ، کە هاوەڵەکەی مرۆڤێکی ڕاستگۆیە و لە سەودا و بازرگانی کردنا لێبوردە و چاو تێرە ، ڕۆژێك لە ڕۆژان ، ڕێکەوتن لەسەر ئەوەی بەیەکەوە بڕۆن بۆ ( حج ) بۆ سەردانی ماڵی خودا لە مەکەی پیرۆز و مزگەوتی پەیامبەری خۆشەویست لە شاری مەدینەی پڕ لە نور و ڕوناکی ، وە یەکەوەیش بگەڕێنەوە بۆ وڵاتەکانیان بەبێ ئەوەی لە یەکتری جیا بنەوە ، هەمیشە

یارمەتی دەری یەکتری بن لە چاکە کردن و یەزدان پەرستیدا ، دەست لە ناو دەست و شان بە شان  و هەڵگری گرانی و ماندوی ئەو ڕێگەیە بن کە زۆر دورە و پڕە لە کۆسپ و تەگەرە ، ئاشکرایە لەو سەردەمەدا ماشێن و شەمەنەفەر و نە فڕۆکە هەبو کە ئەو ماوە و ئەو ڕێگە دوور و درێژە بە ماوەیەکی کەم ببڕێت ، ڕێگەی زەحمەت و دوور ئاسان بکات ، ئەوەی ئەو سەردەمە هەبو بۆ گەیشتن تەنها ، ئەسپ و ماین و حوشتر و هێستر و گوێدرێژ و پاپۆڕ هۆ و ئامێری گواستنەوە بوون ، لە هەموو شارێکی موسوڵماناندا ، بۆ پیاوانی دەوڵەمەن و سەرمایەدار ، تەنها پیادە و پیرەویش هۆی گواستنەوە و گەیاندنی هەژاران بوو ، لە هەمو شارێکی موسوڵماناندا سەرۆك کاروانی جێگەی باوەڕ هەبون ،

کاروانیەکانی حاجیەکانی هەمو وڵاتە ئیسلامەکان کۆ دەبونەوە ، لە تەکیاندا پاسەوانی تایبەتی هەبون ، ژمارەیەکیان سەربازی فەرمی بون و ژمارەکیش چەکداری مۆڵەتدراو ، ئەمەش تایبەت بون بۆ پاراستنی ئەو کاروانانەی کە ڕوویان دەکرد لە شاری ( مەکە )ی پیرۆز و لە گەڕانەوەیانیشدا ، ئەوەی شایەنی باسە ، ڕێگەی ئەو سەردەم و ئەو کاتە پڕ بو لە ترسناکی و جەردە و پیاو خراپان ، بە زۆری دز و جەردەکان هێرشیان دەکردە سەر کاروانەکان ، ئەم دوو هاوەڵە ڕوویان کرد لەو سەرۆك کاروانیە ، کە بەناوبانگ بو بۆ ئازای و دەس پاکی و پیاو چاکی ، خۆیان و بار خانەکانیان دا بەدەستی بۆ ئەوەی چاو دێریان بکات لە ڕۆیشتن و گەڕانەوەدا ، لە دوای جێبەجێ کردنی کار و پێویستیەکانی (

حج ) لە شاری ( مەکە )ی پیرۆز ، ئەوەی پێویستی گوتنە ڕۆژی بەڕێکەوتنی کاروانیانی حاجیەکانی ماڵی خودا لەسەرجەمی ولاٌتە ئیسلامەکاندا بە ڕۆژێکی تایبەت لە قەڵەم دەدرا ، خەڵکی شارەکان دەسیان لە کارەکانیان هەڵ دەگرد و قوتابیان قوتابخانەکانیان دا دەخرا ، خەڵك هەمویان کۆ دەبونەوە بۆ بەڕێ خستنی کاروانیەکانی ماڵی خودا ، لێپرسراوانی میری بەشداریان دەکرد لە بەڕێ خستنیاندا ، تەپڵ لێدەدرا ، ئەسپەکان دەیان حیلان ،خواردن و خواردنەوە بەسەر هەژاراندا دابەش دەکرا، دەنگی پیرۆزی وشەی ( الله اکبر )لە هەمو جێگەیەکدا بەرز دەبوەوە، هەروەکو ڕۆژی بەڕێ خستنی کاروانیەکانی ڕۆژێکی تایبەتی بو ، ڕۆژی گەڕانەوەیانیش هەر بەو جۆرە بو لەگەڵ گۆڕانکاریەکی زۆر کەمدا ، ڕۆژی

بەڕێ خستنیان هاوکات بو لەگەڵ هەنێك گریاندا ، کاتی گەڕانەوەیان لەگەڵ هەندێك بزە و پێکەنین ، بازرگانە قەندەهاریەکە لەگەڵ کاروانی هاوڕێ کابلیەکەیدا پەیوەست بو ، بەڕێ کەوتن ، ڕویان لە بارەگای یەزدان کرد و هەنگاو بە هەنگاو ، لە ڕێگەی دەشتاییەکانی ( کابل )ەوە بۆ شارەکانی ( خانەقین و بەغداد و نەجەف و جمێجمە و مائل و مەدینە و جەدە و مەکە و لە کۆتایدا ( عەرەفات ) ئەم ڕێگەیە هەتاکو ئێستایش بە ڕێگەی ( الست زبیدە ) خێزانی خەلیفە ( هارون الرشید ) بەناو بانگە ، لەسەر ئەم ڕێگەیەدا ژمارەیەکی زۆر ئاوەدانی دروست کرابو لە شێوەی ( خان ) و ماڵی پشودان و کاروان سەرا و گۆماوی دەس کرد ، و ژمارەیەك خاڵ و پۆلیس خانە بۆ چاودێری کاروانەکان ، ئەو ڕێگەیە

نزیکترین ڕێگە بو بۆ گەیشتنی حاجیەکان بۆ ئەو جێگە پیرۆزە ، بە تایبەتی لە شارەکانی عێراق و لە کەنداو و لە ولاٌتە ئیسلامیەکانەوە ، ئەم دوو هاوەڵە لە ماوەی ئەم گەشتەیاندا ، بەبێ ئازار و ئەشکەنجە و سەر ئێشە نەبون ، یەکێکیان نەخۆشیەکی گرانی گرت ، زۆری نەمابو بمرێت ، جار جار کاروانەکە ڕوو بە ڕووی دز و جەردە و پیاو خراپان دەبو ، ژمارەیەك کاری دژوار لە نێو کاروانیەکاندا ڕوی دەدا ، ئەم دوو هاوەڵە خۆشەویستە بە هەموو توانایانەوە ، هەوڵی ئەوەیان دەدا یارمەتی یەکتری بکەن لە هەموو ڕویەکەوە ، خۆشەویستی و یەزدان پەرستی ، لە کاتی تەنگانە و سەغڵەتیدا بەهێز تر دەبێت ، برایەتی و خۆشەویستیان ، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ڕەگی دادەکوتا ، لە ناو گیاندا بەتین و بەهێز تر

دەبو ، هاوەڵی کردن لە ڕێگەی ماڵی خودا زۆر خۆشە و هیچ کات لە یاد ناچێت ، هەر چاکە و پیاوەتیەك لە ڕێگەی یەزدانی مەزندا بکرێت هەمیشەیە و هیچ لە یاد ناچێت ، ئەمیان بە ئەوی تریانی دەوت ، من ئیتر چۆن دەتوانم لە دوای حەج لە تۆ جیا بمەوە ، تۆلە شارێکی دیکە و من لە شارێکی دیکە بژێین ، ئەم دوو هاوەڵە خۆشەویستە لە ماڵی خودادا پەیمانیان بەست لە دوای گەڕانەوەیان هەمیشە سەردانی یەکتری بکەن ، بە هیچ جۆرێك یەکتری لە یاد نەکەن ، حەج کرا و پێویستیەکانی جێ بە جێ بو ، کاروان گەڕایەوە لەو جێگە پیرۆزە وە بەهیوای گەڕانەوە و گەیشتن بە خاك و نیشتیمان ، ئەم کاروانە بۆ ماڵی خودا و گەڕانەوەیان یەك ساڵی تەواوی کێشا ، مرۆڤەکانی نێو ئەم کاروانە لە ماوەی ئەو

ساڵە تەواوەدا توشی گەلێك گیر و گرفت و سەر ئێشە و ماندو بون بون ، حاجیە قەندەهاریەکە گەڕایەوە بۆ شارەکەی خۆی زۆر دڵی لە لای ماڵ و مناڵەکانی بو ، هاوڕێ خۆشەویستەکەی زۆر بەڕێز و بە جوانی بەڕێی کرد ، لە تەکیدا ڕۆیشت هەتاکو دەرەوەی شار ، پەیمانەکەی بە یادەوە هێنا، کاتێ لە ( مەکە ) بەستبویان ، کە بە زوترین کات سەردانی بکات ، حاجیەکە گەیشتە شاری قەندەهار ، ماوەی سێ مانگی لەگەڵ ماڵ و خێزانەکەیدا تێپەڕاند ، بە سێ ساڵ بەلایەوە تێپەڕی، گڕ و گڵپە و گەرمی دڵی لە ئەسکڵی سور گەرمتر بوو بینینی هاوەڵەکەی لە کابل ، ژمارەیەك کاری بازرگانی جێ بە جێ کرد و کارەکانی لێوە دەست کەوت ، لە دوایدا ڕووی کرد لە شاری کابل ، ژیان لەو سەردەمەدا زۆر سادە و

ساکار و ئاسای بو ، وەك ئێستا ، پڕ نەبو لە گرێ کوێرە و ئەوەندەیش دژوار نەبو ، ئێستا شارستانی نوێ گەلێ گرێ کوێرە و دژواری خستوەتە نێو ژیانمانەوە ، گرانیەکانی هۆی ژیان دوو چەندانە گران کردوە ، زۆربەی پێویستیەکانی ژیانی ئەمڕۆمان و بارە گرانەکانی ، ئەو کاتە خەڵك زۆر بە پێویستی نەدەزانی ، لەو کاتەدا پیاو دەیتوانی چەند ڕۆژێك کار بکات بۆ ماوەی چەند مانگێك پێی بژێت ، لەبەر ئەوە پیاوە قەندەهاریەکە توانی بگەڕێتەوە بۆ کابل ، لە دوای گەڕانەوەی بە سێ مانگ بۆ شارەکەی خۆی ، لە بیری خۆیدا بڕیاری دابو ماوەیەکی زۆر لەلای هاوەڵە کابلیەکەی بمێنێتەوە ، پیاوە کابلیەکە بە چاو پێکەوتنی بە هاوەڵە قەندەهاریەکەی ، دەستەکانی بۆی بەرزەوە کرد و بازیدا بە ڕاکردن ڕۆیشتە

پیریەوە ، بە توندی لە ئامێزی خۆی گرت و دەستی کرد بە ماچ کردنی ، لەو کاتەدا پیاوە کابلیەکە سەرگەرمی سەودای بازرگانی بو لەگەڵ بازرگانێکی گەورەدا ، بۆ کڕینی بەشێکی زۆر لە کەلوپەلی بازرگانی ، داوای لێ بوردنی لە بازرگانەکە کرد و وتی ، ئەم بەشە بازرگانیە دوا دەخەین بۆ ماوەیەکی دیکە ، ئامادە بونی برادەر و خۆشەویستی تەمەنم وای لێم کرد ئیتر نەتوانم کڕین و فرۆشتن بکەم ، بەپەلە دەرگەی کۆگەی بازرگانیەکەی داخست ، دەستی برادەرەکەی گرت و بە خۆشی و شادی و پێکەنینەوە روویان لە ماڵ کرد ، یەك لە دوای یەکتر دڵشادی خۆی دەردەبڕی و بەخێر هاتنی دوو بارە و سێ بارە دەکردەوە ، بەو پەڕی گەرمی و دڵخۆشیەوە ، لە ماڵەوە لە ژورە تایبەتەکەی خۆیدا کە تێیدا دەخەوت

جێگەی بۆ مێوانە خۆشەویستەکەی چاك کرد ، ژنەکەی ناردە ژورێکی دیکە و لەسەر نوێن و جێگەی ژنەکەی جێگەی ڕاکشان و حەوانەوەی بۆی دیار کرد ، ئەم کارەیش لە پێناوی زیاتر خزمەت و ڕێز لێناندا ، کاتی نان خواردنی نیوەڕۆ پیاوە کابلیەکە ژمارەیەك زۆر خواردنی جۆراو جۆری کۆمەڵ کرد ، ژمارەی خواردنەکان لە بیست جۆر زیاتر بو ، ژمارەی پەنجا پیاوی ناودار و دەرهاوسێی داوات کرد بۆ نان خواردن ، لەو کاتەدا هاوەڵ و مێوانە خۆشەویستەکەی پێشکەش دەکرد و ئاماژەی بۆی دەکرد کە ئەو هاوەڵی ژیانیەتی هاتنی بۆ سەردانی یەکێکە لە ئاواتەکانی ژیانی ، لە کاتی نانی نیوەڕۆدا بە چی جۆرێك هەڵسو کەوتی کرد بۆ شامی ئێوارەیش هەر بەو جۆرە هەڵسوکەوتی کرد ، ئەو ڕۆژە نەڕۆیشت بۆ

جێگە و کۆگەی بازرگانیەکەی ، لەماڵەوە لە تەکیدا مایەوە ، لە شێوەی مرۆڤێك هانای بۆ سێیبەریێك بردبێ لە ڕۆژێکی گەرمی تیشکداردا ، لە زیادە بەدەر ڕێزی لە مێوانەکەی دەگرد ، ئاوی دەکرد بە دەسیا دەسی دەشۆری ، داوای لێدەکرد جلەکانی بگۆڕێ ، خۆی لە گەرماودا بشۆرێ هەر لە یەزدانی دەویست هاوەڵەکەی داوای خزمەتێکی لێبکات ، ڕۆژی یەکەمیان بەسەر برد ، جێگەی بازرگانیەکەی کابلی هەر داخرا بو ، کارەکانی بە گشتی ڕاوەستا بون ، ماڵەکەی پڕە و قوڵەی دێ لە خواردن و مێوان ، خێزان و ژنەکەی ماندو و توڕە بونە ، لە یەزدان داوا دەکەن ئەم مێوانەیان لەکۆڵ بێتەوە و بڕوات ئەم بارە گرانە لەسەر شانیان لابچێت ، لە دوای ئەوەی ڕۆیشتنە ژوری خەوتنەوە ، پیاوە کابلیەکە پرسیاری

کرد لە مێوانە قەندەهاریەکە ، ( تەمەنا دەکەم بە نیوەڕۆژە و شامی ئێوارەمان ڕازی بو بێتی ؟ ، میوانەکە وەڵامی دایەوە [ داواتەکەت زۆر چاك و نایاب و جیاواز بو ، بەڵام قەندەهاری نەبو ] ، پیاوە کابلیەکە واتێگەیشت هاوەڵەکەی بە مێوانداری و داواتەکەی ڕازی نەبوە ، بۆیە خۆی زیاتر ئامادە کرد بۆ ڕۆژی ئاینده ، بۆ خواردنی نیوەڕۆژە پەنجا جۆرە خواردنی زۆر نایابی ئامادە کرد ، هەروەها ژمارەی سەد کەسایەتی ڕامیاری و زانیاری بانگ کرد ، ئەم کارەی بۆ شامی ئێوارەیش دوو بارە و دوو چەندانەوە کرد ، ڕێز لێگرتنی مێوانەکەی بە جۆرێك نیشاندا بە هیچ جۆرێك باس ناکرێت ، کاتێ ڕۆیشت بۆ ژوری خەوتن ، پیاوە کابلیەکە پرسی لە مێوانەکەی ، ( هیوادارم لە داواتەکەی ئەمڕۆمان ڕازی بوبێتی ؟ )

مێوانە قەندەهاریەکە هەر تەنها وشەی پێشوی دوو بارە کردەوە ) داواتەکانت زۆر نایاب و چاکن ، بەڵام قەندەهاری نیە !! ، پیاوە کابلیەکە وای بۆ چو گوایە مێوانەکەی بە داواتەکانی قایل نەبوە و بە گوێرەی ئەو نەبونە ، بۆیە لە وەڵامدا وتی ( قەندەهاری نەبو ) هەروەکو نەیتوانیبێت داواتێك دروست بکات لە شێوەی داواتی دانیشتوانی قەندەهار ، بۆیە پیاوە کابلیەکە لە دڵی خۆیدا بڕیاریدا لە ڕۆژی سێیەمدا داواتێك دروست بکات ببێتە هۆی قایل بون و ڕەزا مەندی مێوانە خۆشەویستەکەی ، ڕۆژی سێیەمی داواتەکان ڕۆژێکی زۆر تایبەت مەند و گرنگ بو لە ڕۆژەکانی ئەو سەردەمەی شاری کابیلدا لە دروستکردنی داوات و کۆکردنەوەی خواردن و بانگێشتنی ژمارێەکی یەکجار زۆر لە بانگ کێشەکان ،

لە نان خواردنی نیوەڕۆ و ئێوارەدا هەرچەندە جۆرە خواردنێکی نایاب و جۆار و جۆر هەبو لە شاری کابیلدا ، هەموی کۆ کردەوە ، هەموو پیاوانی ڕامیاری و ڕوناك بیران و ناودارانی شارەکەی بانگ کێش کرد ژمارەیان گەیشتە هەزار کەسایەتی و بگرە زیارتریش کاتێ چونە ژوری خەوتن ، کابیلیەکە پرسیاری کرد ( داواتەکەی ئەمڕۆمان بە چی جۆرێك هاتە پێش چاوتان ؟ ، قەندەهاریەکە ، هەر تەنها وشەی پێشوی خۆی دوو بارەوە کرد ، بەڕاستی داواتێکی زۆر گرنگ بو ، بەڕاستی زۆریش نایاب بو ، بەڵام ( قەندەهاری نەبو ) !!! ڕۆژی ئاینده میێوانە قەندەهاریەکە زینی هێسترەکەی گرد و ماڵ ئاوای و خودا حافیزی کرد لە هاوەڵەکەی و گەڕایەوە بۆ قەندەهار ، پیاوە کابیلیە ماندوەکە

هەناسەیەکی پشودانی دا ، ژمارەیەکی زۆر پارە و پوڵی بۆ ئەو داواتانە خەرج کرد ، بازرگانیەکەی ڕاوەستاو ، لە خەوتن لەگەڵ ژنەکەیدا دورەوە کەوت ، ماندوەکانی ماڵەوەیش پشویەك و هەناسەیەکیاندا ، زۆریان نەمابو لەبەر ماندوی ئەو بارە گرانە گیانیان دەرچێت ، لە کاتی بەڕێ خستنی مێوانەکەیدا وتی ( بەم زوانە سەردانت دەکەم لە قەندەهار هەتاکو بە چاو داواتە ( قەندەهاریەکەت ببینم !!! ) لە دوای بەسەر چونی چەند ڕۆژێك پیاوە کابلیەکە ڕۆیشت بۆ قەندەهار دڵی زۆر گەرم و بەتاو بو بۆ بینینی داواتی قەندەهاری و دەیوت ، ( دەبێت ئەو داواتە چۆن و بە چی جۆرێك بێت ! ) پیاوە قەندەهاریەکە لە جێگە و لە ناو کۆگەی بازرگانیەکەیدا سەر گەرمی کڕین و فرۆشتن و سەودا بو ، لەو کاتەدا

میوانەکەی گەیشتە لای لەگەڵ پیاوێکی بازرگانی گەورەدا سەر گەرمی سەودا و گرێدانی بەشێکی گەورەی بازرگانی بو ، هەڵسایە سەر پێ و بەخێر هاتنی هاوەڵە کابلیەکەی کرد و دەستی کردەوە بە مامەڵە و سەوداکەی خۆی لەگەڵ بازرگانە گەورەکەدا ، لە دوای کات ژمێر دوانزەی نیوەڕۆ ، کە کاتی تایبەتی دیاری کراوە ، کۆگەی بازرگانیەکە دادەخرێت ، دەرگای کارەکەی داخست و لەگەڵ میوانە کابلیەکەیدا ڕۆیشتن بۆ ماڵ ، لە ژوری میواندا دانیشتن ، ئەو کاتە لە شارەکاندا ( میوانخانە ) نەبو ، لە هەمو ماڵە دەس ڕۆکاندا ژورێك تایبەت هەبو بۆ میوان ، ژمارەیەك نوێنی خەوتنی تێدا هەبو لەگەڵ چەند کەلو پەلێك و چەند ڕایەخێك ، بە میوانەکەی وت ، یەکێك لەو جێگەی

خەوتنانە بۆ خۆت دیاری بکە و هەتاکو لەسەری بخەویت ، پاش کەمێك دێمەوە بۆ لات ، گەڕایەوە بۆ لای مێوانەکەی ، بانگی کرد لە ژنەکەی ، نیوە ڕۆژەمان بۆ بهێنە ، هەرچیتان بۆ خۆتان ئامادە کردوە بۆ ئێمەشی بهێنن ، نیوەڕۆژەکەمان خواردنێکی سادە و ئاسای بو کە لە ماڵەکاندا بۆ خۆیان دروستی دەکەن ، لە دوای خواردنی نانی نیوەڕۆ ، پیاوە قەندەهاریەکە داوای ڕوخسەتی لە میوانەکەی کرد ، وتی ، من لە کاتژمێری شەش دەڕۆم بۆ لای بازرگانیەکەم ، هەتاکو کات ژمێر هەشتی ئێوارە دەمێنمەوە ، ئەگەر هەوەستان بو لە گەڵما وەرن و هاوەڵم بن ، یان خۆتان بە تەنیا وەرن ، ئەگەر دەتانەوێ بڕۆن بۆ چایخانە و بازاڕ بڕۆن ، یان لە ماڵەوە بمێننەوە ، خۆت سەر

بەستی ، لە کات ژمێری هەشت قەندەهاریەکە گەڕایەوە بۆ ماڵ ، داوای شامی ئێوارەی کرد لە خێزانەکەی ، هێنایان ئەویش هەر خواردنێکی ئاسای بو کە هەمیشە بۆ خۆیان دروستیان دەکرد ، بەیانی قاوەڵتیان هێنا ، بۆ کابلیەکە بە تەنیا لە مێوانخانەکەدا خواردی ، قەندەهاریەکەیش لەگەڵ خێزانەکەیدا قاوەڵتی کرد ، ئەم شێوەیە سێ ڕۆژ یەك لە دوای یەك دوو بارە کرایەوە ، خواردنی بەیانی و نیوەڕۆ و شامی ئێواران ئاسای و سوك بو ، قەندەهاریەکەیش هەمو ڕۆژێك دەچو بەلای مامەڵە و بازرگانیەکەیەوە ، ئیتر کەس نەیدەزانی مێوان لە ماڵدا هەیە یان نا ، هەمو شتێك بەلای پیاوە قەندەهاریەکەوە ئاسای بو ، هیچ شتێك نەبو لە ئارادا ، هەتاکو قورسای بخاتە سەر

شانی خۆی و خێزانەکەی ، بەڵام ئەم هەڵسو کەوتە بەلای مێوانە کابلیەکەوە هیچ ئاسای نەبو ، هەمو ڕۆژێك خۆی ئامادە دەکرد داواتی قەندەهاری بۆ دروست بکرێت ، هەر هیوای ئەوەی دەکرد ، لە دڵی خۆیدا گەلێك ئەم بار و دۆخەی تاوتوێ دەکرد ، دەیوت لە دڵی خۆیدا ، دور نیە خێزانەکەی نەخۆش بێت ، دور نیە داواتەکەم بەم زوانە بۆ دروست بکەن ، دور نیە بەیانی داواتە قەندەهاریەکەم بۆ دروست بکەن ، چەند ڕۆژێك تێپەڕی و قاوەڵتی و نیوەڕۆژ و شامی ئێواران هەر ئاسای بو ، بەچی شێوەیەك پێشکەش دەکرا بۆ مێوان بۆ خۆیانیش هەر بەو شێوەیە بو ، مێوانە کابلیەکە ئارامی لێبڕا بە هاوەڵە قەندەهاریەکەی وت ، کەی نۆرەی داواتە قەندەهاریەکەتان دێت ؟ ، من هەمو توانایەکی خۆمم بەکار هێنا لە

دروست کردنی داوات و داوات کاریدا ، بەڵام ئێوەیش هەرداواتی قەندەهاریتان سەری دەخست ، سەرتان دەخست بەسەر داواتی کابلیدا ، ئەوا ماوەیەکی زۆرە زۆر بە ئاواتەوەم ، ئەو داواتە بە چاو ببینم ، کەی دەبم بە خاوەنی بەختەوەری ئەو داواتە بەچاو ببینم کە ماوەیەکە چاوەڕوانم ، پیاوە قەندەهاریەکە زۆر پێکەنی ئەوەندە پێکەنی بە پشتا کەوت ، لە دوای ئەوەی لە پێکەنینەکەی بوەوە ، وتی هاوەڵە خۆشەویستەکەم ، هەمو ژەمەکانی خواردنت ، لە بەیانی و نیوەڕۆ و ئێوارانداا ، هەموی داواتی قەندەهاریە ، کە پێشکەشتان دەکران ، من مەبەستم ئەوە نەبو کە دەموت ، داواتەکانت قەندەهاری نیە ( گوایە داواتەکانی تۆ زۆر چاك و نایاب نیە ، من مەبەستم ئەوە بو داواتەکانت زۆر

گران و بە بەها بون و گرانی و قورسای زۆرت دەخستە سەر شانی خۆت و خێزانەکەت ، ئێمە لە قەندەهار بۆ میوانەکانمان باری سەر شانی خۆمان بەو جۆرە گران ناکەین ، ئەو کاتەی من هاتم بۆ مێوانیتان ، لە شاری کابل بڕیارم دابو بۆ ماوەی سێ مانگ لە لاتان بمێنمەوە ، کاتێك چاوم کەوت بە داواتەکانت کە بەو جۆرە باری سەرشانت گران دەکەم ، سەردانەکەم کرد بە سێ ڕۆژ دڵم بە خۆت و بە ماڵ و منداڵەکانت سوتا ، ئەمڕۆ ئەگەر ئێوە لە میوانداری مندا بۆ ماوەی سێ مانگ یان سآ ساڵ بمێننەوە بە هیچ جۆرێك نە باری سەرشانم گران دەکات و نە دەبێت بە هۆی وەرس بونی ماڵ و خێزانەکەم ، ژمارەی خێزانەکەم حەڤدە کەسە ، لە نێر و لە مێ ، ئەگەر مێوانێك یان دوان و یان سیان لە

خواردنەکەیان بەشداری بکات هیچ جۆرە کارێك ناکاتە سەر باری ژیانیان ، لەم کاتەدا ئەو خواردنەی پێشکەشی تۆ و خێزانەکەمی دەکەم بە شێوەیەکی یەکسان ، بەم کارەم پلە و پایەی تۆ بەرز دەکەمەوە لە برایەتیەوە بۆ پلەی باوك و دایك و کوڕ و خێزانەکەم ، ( ئا ئەمەیە داواتی قەندەهاری ) .

ئێمە نەوەیەکین زۆر حەزمان لە داوات و داوات کاریە ، بۆیە لە پێناویدا ، ماوەیەکی زۆری خۆمان بە فیڕۆ دەدەین ، پارە و سەر مایەیەکی زۆر لە پێناودا خەرج دەکەین ، کارێکی گران دەخەینە سەر شانی خۆمان ، کە لە توانامان‌دا نیە هەڵی بگرین ، ئێمە هەر هەموومان ، لەسەر ئاستی کۆمەڵ یان تاکە کەس دراو یەکی زۆر خەرج دەکەین بەبێ

هۆ دەیدەین بە بادا ، وە لەسەر ئەو کاتەی کە دەڕێت بەدەم بادا ، چی زیانێك دەکەین ئەگەر داواتەکانمان لە شێوەی داواتی قەندەهاری بێت ، هەتا بتوانین هەم دراو هەم توانامان پاشە کەوت بکەین ، لەسەر خێزانە کانمانیش ، ماندوو بون و نائارامی هەڵبگرین ، کاتێکی پڕ بەها و بەنرخ دەستی خۆمان و مێوانەکانمانیش بخەین ، ئەو دراو و سەرمایانەی لەم کارانەدا خەرجی دەکەین چی زیانێکمان پێدەگەیەنێت ئەگەر پێویستیەکانی هەژاران و داماوانی پێ جێ بە جێ بکەین ، کاتەکەیش بۆ کاری گرنگ و پێویست و یەزدان پەرستی بەکاری بهێنین ، ئەگەر دەتەوێت ڕێز لە مێوانەکەت بگری ، ئەوەی پێشکەش بە خێزانەکەتی دەکەیت ، بە مێوانەکەتی پێشکەش بکە ، پەیامبەری ئیسلام ( درودی خوای لەسەر بێت

) لە پێناوی مێواندا هیچ گرانیەکی نەهاویشتوەتە سەر شانی خۆی و خێزانەکەی ، ئەو کەسانەی خواردن و خواردنەوە پێشکەش بەو کەسانە دەکەن کە ( توخمە ) ئینتەلایان کردوە ، ئەو کەسانە خێر خواز و بەخشندە نین ، مرۆڤی بەخشندە ئەو کەسەیە ، بەخشندەی بەرامبەر بە هەژاران و بێنەواکان دەکات ، کەی ئێمە وامان لێدێت بگەڕێینەوە بۆ سەر ڕێگەی ڕاست ؟ ، ئێستا ئەوەی زۆر جێگەی داخە داوات و داوات کاری ، تەنها بۆ خاوەن سەرمایە و خاوەن دەسەڵاتەکانە ، هەژاران و بێنەواکان بێ بەشن ، تەنها بەشی ئەوان هەژاری و برسێتیە ، ئایە بۆ ئێمە هەیە ناوی ئەو کەسانە بە بەخشندە بهێنین کە داوات تەنها بۆ خاوەن سەرمایەکان و دەسەڵات

**داران دروست دەکەن ، یان دەبێت بە جۆرێکی دیکە ناویان بەرین وەکو !!**

( الاسراف ، التبذير ، النفاق ، الرياء )

**( زیادەڕەوی ، بەهەدەردان ، دوو ڕوویی ، ڕووپامایی )**